شیعر و هەڵوێست

دیوانی

شەهید مەلا عەلی

و

چەپکێک بەڵگە و بیرەوەری

شیعر و هەڵوێست

دیوانی شەهید مەلا عەلی
و
چەپکێک بەڵگە و بیرەوەری

ئامادەکردنی

ناوەندی ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

2011

له بڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی سلێمانی

زنجیرە (٣)

ناوی کتێب : شیعر و هەڵوێست (دیوانی شەهید مەلا عەلی)

بابەت : شیعر

بەرهەمی شاعیری شەهید حسێن مەولود (شەهید مەلا عەلی)

تایپ: ئاڤێستا عومەر

هەڵەبڕی: ئەمیرە محەمەد

دیزاینی بەرگ و ناوەوە : بازیان جەلال

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپخانە : چاپخانەی حەمدی

سلێمانی ٢٠١١

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی (1795)ی ساڵی (٢٠١١)ی پێدراوە

ئەم دیوانە شیعریەی لەبەردەستدایە، بەرهەمی هەستی پەنگ خواردوی دەروونی شەهیدێکە، لە ماوەی چەند مانگێکی مانەوەیدا لە زیندانەکانی ڕژێمی فاشی بەغدا وەکو گوڵ پشکوتنی خێرا و شوێنەواری ڕەهێڵە و دڕکی ئازاردەریان پێوە دیارە. لەسەر پارچە سیم (وەرق) ی نێو پاکەتە جگەرە تۆماری کردوون و پاراستوونی هەتا ڕۆژانی دیدەنی کردنی و بە کەس و کاریدا ناردونیەوە ..

کە هەندێکیان ئارەق و چڵک و خوێنیش، کاری تێ کردوون گوڵ ئاسایی شەمزاندونی.

هەروەک خۆی پێی سپاردووین (ئەگەر دەرفەت ڕەخسا پێشکەش بە هاوڕێ یانی بکەن).

بەم جۆرە دیاری شەهیدێکتان ئەخەینە بەردەست

ئەحمەد مەولود ئەحمەد
پایزی ۱۹۸۱

شەهید مەلا عەلی و
خولیای لەگەل ئەدەب و نووسین

عبدالکریم مەولود (برای شەهید)

شەهید مەلا عەلی هەر لە سەرەتای ژیانیەوە خولیای ئەدەب و نووسین بووە، وە نەبێ تەنها لە بواری شیعردا رۆڵی بووبێت بگرە لە بوارەکانی دیکەی ئەدەبیدا وەک چیرۆک و پەخشان و وەرگێراندا دەستی هەبووە.

لە ژیانیدا هەرگیز نەبووە تەنها بەکارێکەوە خەریک بێت لەبەر ئەوەی لە لادێ ژیاوە، رۆژانە کە لەخوێندنگە هاتۆتەوە دوای نیوەرۆیان خەریکی ئیش و کاری کشتوکاڵ بووە یان شوان بووە، بەڵام زیاتر حەزی بە شوانی دەکرد، چونکە دەیتوانی لەو دەشت و کێوە ئاژەڵیش بلەوەڕێنێ و خۆشی پەروەردە بکات بە خوێندنەوە، هەموو جار دەیگوت باشترین شوێن بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن دەشت و دەرە، لە لایەک هەواکەی پاک و دڵگیرە و لە لایەکی ترەوە هیچ کەس خەریکت ناکات بە شتی لاوەکیەوە، بۆیە ئارەزووی کەمتر لە ئیشی کشتوکاڵ بووە، لەم بوارەدا مرۆڤ دەبێ هەردەم دەست و مێشکی خەریک بێ بە داس، خاکەناز، بێڵ و ...هتد.

شەهید مەلا عەلی هەرچەندە لە ژیانیدا لە خێزانێکی جوتیار و هەژار بووە بەڵام لایەنە ئەدەبیەکەی فەرامۆش نەکردووە. ئەم نوسراوانەی هەبووە هەتا ئەو رۆژەی کە پەیوەندی کردووە بە حـ.ـدـ.ك لە هەرێمی ٤ی ئەوسای (ی.ن.ک) کە ١٩٩١/٥/١١ دەکات، کە ئەمە ناوی هەندێکیانە:

أ- کورتە چیرۆک : ١. شانەی گەنم...... ٢. کۆچەری

٣. سێبەری سابات ٤. دارمەن.

ب- دیوانی شیعری کلاسیکی ونوێ زیاتر لە ١٠٠ لاپەڕە.

ج- وەرگێڕان: گۆڕینی کۆمەڵە چیرۆکی - الارواح المتمردە- جبران خلیل جبران بۆ کوردی.

٢) گۆڕینی پەڕاوێکی بڕیار لەسەر دراو بۆ خوێندنی کۆلێژی ئاداب بۆ کوردی.

٣- گۆڕینی هەندێ نامیلکەی ماو - یومیات جندی فیتنامی- هەندێ شیعری محمود دەروێش (سروودەکانی بەرگری فەلەستینی) ...هتد

د- ئاخاوتنێک لەگەڵ چەند کادرێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران لە حەفتاکاندا لەگەڵ چەند بابەتی تر.

جگە لەمانە مزکراتی خۆی کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە دەستی پێ کردبوو زۆر باس و لێکۆڵینەوەی بایەخداری تێدا تۆمار کردبوو، ڕووداوەکانی ساڵ بە ساڵ داتەڕشتنەوە بە گوێرەی پتر بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری بە تایبەت لەسەر بزوتنەوەی چەکداری کورد لە دوای ساڵی ١٩٦٣ هەتا ئەو ڕۆژەی کە لەلایەن ڕژێمەوە بەدیل گیرا لە ڕۆژی ١٩٧٩/١/٣٠.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی نوسیوە بە تایبەت لە ساڵی ١٩٧٧ کەلە سەرکردایەتی لە دەورەی کادران بووە.

هەموو ئەمانەی باسمان کردن لەگەڵ چەند ئەلبومێک وێنەی سەردەمی خوێندن و پێشمەرگایەتی بەردەستی ڕژێم کەوتوون و وەک خۆی شەهید بوون:

١- لە ساڵی ١٩٧٧ کە ئاشکرا بوو لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە خۆی گەیاندە شاخ بەڵام فریا نەکەوت شتەکانی دەرباز بکات بەشێکی شتەکانی لەبەشی ناوخۆیی خوێندکارانی زانکۆ کەوتنە بەر دەست ئەمنی سلێمانی.

٢- هەر لەو ساڵەدا ڕژێم زۆر بەدوایدا گەڕا لە ئەنجامی ئەو گەڕانەدا کتێبخانەکەی لە ماڵی خۆمان لە گوندی (کۆکە) گیرا ئێستاش زۆر لە هاورێکانی

کە ماون دەڵێن ماڵەکەی کتێبخانەی کۆمەڵە بوو.

٣- لە ساڵی ١٩٧٩ کە خۆی لە پێشمەرگایەتیدا کەوتە دەست ڕژێم هەندێ لە شتەکانی لە کۆڵە پشتەکەیدا بوون و گیران.

٤- چەند ڕۆژێک دوای گیرانی هەموو ئەو شتانەی کە مابوونەوە لە گوندەکەی خۆمان گیران. ئێستاش لە یادم ماوە ئەو هێزە سەربازییەی ڕژێم کە هات بۆ گوندەکەمان ئێمەیان گرتوو دووریان خستینەوە. گەلێک شتی تری ئەو کاتە لە ترساندا بەناشارەزایی شاردمانەوە و لەژێر گڵدا ڕزین.

ئەو وێنە و نوسراوانەی کە ئێستا ماون لای هاوڕێ و هاوسەنگەرانی کۆمان کردوونەتەوە. چەند وێنەیەکیان لە ساڵی ١٩٧٧ هەتا ساڵی ١٩٩١ کاتی ڕاپەڕینەکە لە ئەمنە سورەکە بوون دوایی کاک ئەوشیروان بۆی ناردینەوە کە کەوتبوونە دەست بەڕێزی.

ئەم چەند هۆنراوەیەی کە ئێستا بڵاو دەکرێنەوە جگە لە هۆنراوەی (لەگەڵ خولانەوەی چەرخی زەمانە) کە هی کاتی پێشمەرگایەتیە ماوە، ئەوانی دیکە لە ڕۆژانی بەندینخانە نووسیونی و ماونەتەوە لەسەر سیمی پاکەتە جگەرە.

هاوڕێیەکی زیندانی خۆی بۆی گێڕاینەوە کە ئەو ئازاد کرا وتی: کاتێک جەلادەکان هاتن کەلەپچەیان کردە دەستی و چاویان بەستەوە، داوای کرد وتی: دەستم بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆم پەتەکە بخەمە ملی خۆم. بەڵام ڕێیان پێ نەدا. کاتێکیش پێیان وت وەسیەت بکە لە وەڵامدا ووتی (القرار بيدكم والتاريخ لم يرحمكم)

مەلا عەلی تێکۆشەرێکی دەگمەن

مەلا بەختیار

مەلا عەلی؛ ناوێکە بە تواناى سیاسی، شۆڕشگێڕی، قارەمانی و ئەدەبی خۆی، خۆی بە هەموو گەلەکەمان ناساندووە، بۆیە پێموانیە من و کەسانی دیکە، پێویست بکات، ناسنامەی (مەلا عەلی) و ڕۆژمێری تێکۆشانی، باس بکەین.

من، لە خەباتی نهێنیدا، ناوی (مەلا عەلی)م بیستبوو، بە تایبەتی ئەو کاتەی ڕەوتێک لە کۆمەڵە، یان ڕاستتر وایە بڵێین: لە هەلومەرجی نائومێدی ڕاوەدونان و گرتن و ڕەشبینی کۆمەڵەدا، کە بەر هێرشی بەعس کەوت و زۆر بوون ئەوانەی لە کۆمەڵەدا پێیان وا بوو، جارێکی دیکە کۆمەڵە نابوژێتەوە، لەو هەل و مەرجەدا، بە تایبەتی ئەو کاتە لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا، مشتومڕی ئایدۆلۆژیش لەسەر ڕێبازی کۆمەڵە، لە هەناوی ڕێکخستنە کەم و پوختەکەیدا، زیاتر لە جاران لەسەر ناکۆکی سەرەکی گەلی کوردستان و ناکۆکی لاوەکی، کە ئایە بەعس ناکۆکی سەرەکییە، یان ئیمپریالیزمی ئەمریکی؟ ئەمەش زادەی تیزی سێ جیهانەکەی لەسەر ماوتسیتۆنگ و چینی ئەوسا بوو! لەم ناکۆکییە کە زۆرتر لە دوای ڕێکەوتن نامەی جەزائیر (پێش گرتنی هاوڕێیانی کۆمەڵەش) سەریهەڵدابوو، کە گرتن و ڕاوەدوونان، بە تایبەتی گرتنی شەهید ئەنوەر زۆراب لە (١٩٧٥/٩/٣) هەروەها هاوڕێیانی دیکەی کۆمەڵەش، ئیتر هەبوون لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، ململانێی و جیاوازییەکانیان، لەگەڵ دۆخی شڵەژاوی کۆمەڵە تێکەڵاو دەکرد و جارجارەش، تابابەتی حوکمیان لەسەر دۆخەکە و سەرکردایەتی ئەوسای کۆمەڵە دەدا.

ئەوەی بە ناوی کۆمەڵەی ڕەنجبەرانەوە هەنگێتی سەریهەڵدا، بەشێکی زۆری پەیوەندی بەو دۆخەی کۆمەڵە و هەل و مەرجی سیاسی و ڕێبازی ئایدۆلۆژیەوە هەبوو.

شەهید مەلا عەلی، کادرێکی هەڵسوڕاوی ناو کۆمەڵەی ڕەنجبەران بوو، شەهید برایم خەلیل ڕابەرایەتی دەکرد. منیش، ئەو کاتە بە بڕیاری شەهید ئارام و لە ڕێگەی شەهید(شامیل - شوان عەلی) یەوە، ڕاسپێردرام گفتوگۆ لەگەڵ شەهید «برایم خەلیل» دا بکەم، بەڵکو ئەو کێشەیەی کۆمەڵە چارەسەر بکەین. لە ماڵی «برایم حەسەن» لەگەڵیان دانیشتم، ئەو کاتە نەگەیشتینە ئەنجام، بڕیارماندا درێژە بە گفتوگۆ بدەین. ئاک ئاکیش پەیوەندیمان بەو هاوڕێیانەوە دەکرد، کە لەگەڵ ئەواندا کاریان دەکرد و دەشهاتنەوە ڕیزی کۆمەڵە.

کاتێک بڕیاری شۆڕش درا، ئیتر بۆ هەموو لایەک دەرکەوت کە (کۆمیتەی هەرێمەکان) سەبارەت بە ڕێبازی سیاسی کۆمەڵە، ئاگۆکی سەرەکی ساغکردۆتەوە و تێزی بێ پێزی سێ جیهانیشی فەرامۆش کردووە. ئەمە کاریگەری زۆری لەسەر هاوڕێ زویربوەکانی کۆمەڵەوە هەبوو بێنەوە ڕیز.

مەلا عەلی، یەکێک بوو لەو هاوڕێیانە. پاشان برایم خەلیلیش هاتە ڕیزی شۆڕش و شەهیدیش بوو، کۆمەڵەی ڕەنجبەرانیش نەما.

بە حوکمی ئەوەی مەلا عەلی خەڵکی دێی کۆکەی ناوچەی دوگان و بناری پیرەمەگرون بوو، ئەرکی هەڵسوڕانی سیاسی و ڕێکخراوەیی لەو ناوچەیەدا پێ سپێردرابوو، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی شاریشەوە، هەندێک جار لەڕێی منەوە، بۆ ئەو ناوچەیە دەکرا.

من، لە گەشتێکی (٧) مانگەی دەشتی هەولێر و ڕۆژهەڵاتی کۆیە و خۆشناوەتی دەگەڕامەوە بۆ قەراغ و سەردانی شەهید ئارام. (١٩٨٧/٣/٣) لە گوندی یاخسەمەر بووم، هاوڕێیم دڵێری سەید مەجید و شەهید غەریب هەڵەدنی،

بەیانیەکەی، لە مزگەوتدا، هەواڵی شەهیدکرانی ئارامی مامۆستا و هاوڕێیان پێدام. گوندی یاخسەمەر، دەکەوێتە بناری شاخی ئاسنگەران، لەسەر ئەو شاخە هەڵیان دابامە خوارەوە، هەر هێندەی هەواڵی شەهید ئارام کاریگەری دەبوو لەسەرم، خۆم پێ نەگیرا، قوڵپی گریان دایگرتم. دەستبەجێش کەوتمە ڕێ بۆ قەراغ، هەتا لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی شەهید بونی کاکە ئارام بکەم، لە دوڵەڕوت و لە نزیک گوندی هەناران، چاوم بە شەهید مەلا عەلی کەوت، ئیتر یادگارەکانی خەباتی نهێنی و جیاکردنەوەی ڕەنجدەران و کێشمەکێشەکانم بیر کەوتەوە. کە بینیم هاوڕێیەکی جوامێر، دڵسۆز، وشیار و لە خۆ بوردوو هاتە بەرچاوم. شەو و ڕۆژێک پێکەوە بوین، بوو بە هاوڕێیەکی ڕۆحی نزیکم. ئیتر لە بیروباوەڕ و جوامێری (مەلا عەلی)یەوە باشتر تێگەیشتم ئەو جۆرە جیابونەوەیە، لە کۆمەڵە، بناغەی نەبووە، بەڵکو بەرژەی و وردەناکۆکی خوڵقاندبووی.

مەلا عەلی، بەرەو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کەوتەڕێ و هەتا بناری پیرەمەگرون بەڕێی کردین، ئێمەش پەڕینەوە بۆ قەراغ و لێکۆڵینەوە.

دوای ئەوە، زۆری نەخایاند چارەنوسی مەلا عەلی گیران و زیندان بوو. سەرەنجام دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر و بەرگەگرتنێکی قارەمانانە، بڕیاری لە سێدارەدانی جێبەجێ کرا.

من، زۆرم لا مەبەستە، لەم نامەیەدا، شەهید (مەلا عەلی) لەڕێگەی شیعر و یادگارەکانیەوە، باس بکەم، نەک شتی تر.

مەلا عەلی، دێر بە دێری شیعرەکانی جگە لەوەی لەو کونجی زیندانەدا، سەلماندویەتی بەهرە هەر بەهرەیە، لە ناخۆشترین ڕۆژگاریشدا، بەهرەمەند دەتوانێ بەهرەکەی بپشکوێنێ، جگە لەمە، لە ڕووی هونەری شیعر و داهێنانەوە، دەڵێن: ئەو شیعرانە، بە شیعرە سیاسی و خۆشەویستیەکانیشەوە، هاواری عشقە بۆ کوردستان و پێشمەرگە و سەرکەوتن و کۆمەڵە.

وتە بە وشەی شیعرەکانی، هۆنیتەوەیەکە. هەر دەڵێی (مەلا عەلی) فێرگەی خۆڕاگری لە زینداندا بۆ تێکۆشەران جێدێڵێ. ئەوە ببینن چۆن، سەردەکەوێتە سەر پەتی سێدارە و سەری جەلادەکان لە شیعرەکانی لە ژێر پێڵاوەکەی خۆیدا دەبینێ؛ بۆڵەبۆڵی پێشمەرگەی لە کاتی گەشت و مانەوبونیاندا، چۆن بە (بوکەبارێ) (وەرعی ئازاری) بەرجەستە کردووە. چۆن جوتی دەستی بەقزاو دەزبوی بەراورد دەکات بە کەلەپچەی جەلادەکان. کەسێکی ئاوا کەسێکی ئاسایی نییە.

تێکۆشەرێک- جەستەی شەقار شەقاری ئەشکەنجە بێ؛ لەژووری زیندانی تەنیاییدا پەستێنراو؛ بڕیاری لە سێدارەدانی درابێ، لەسەر سیپارەی جگەرە و لەتە کاغەز ورەی ناخی خۆی و هاوڕێکانی، بکاتە ئەو یادگار و شیعرانە، کە شاعیری ئاسایی لە ئازادیشدا دژوارە بەرهەمی وا جوان بهۆنێتەوە. (کەسێکی بیر نەچووە، نامەی بۆ دڵی کۆکە کەس و کار، هاوڕێ نوسیوە)

بەش بە حاڵی خۆم زۆربەی هاوڕێ زیندانەکانی ئەوسای کۆمەڵە دەناسیم، ئەوانەی یەکێتیش دەناسیم بەتایبەتی ئەوانەی ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٨٣) کە خۆم بەرپرسیاری ڕێکخستنەکانی ڕاستەوخۆی کۆمەڵە و بەشێکی زۆری یەکێتیش بوم لە سەرانسەری کوردستان و عێراقدا. بۆ ویژدان دەڵێم: لە دوای شەهید شەهاب (سلێمانی)، شەهید جەعفەر (کۆیە)، شەهید جەمالە ڕەش، شەهید جەمال تایەر، شەهید مامۆستا عەزیز مەحمود (سلێمانی)، شەهید وەستا تەیمور (هەڵەبجە)، شەهید عەبدوڵای ئایشێ و شەهید سەی قاسم (سلێمانی)، شەهید ملازم جوامێر (مەندەلی- بەغداد)، شەهید سەلمان داود (فەیلی- بەغداد)، شەهید سەلام عبدالرزاق و شەهید یوسف حسین (خانەقین)، شەهید ئەسکەندەری حەیدەر ڕۆستەم (کفری)، شەهید محەمەد زەنگەنە (هەولێر)، شەهید عارف (کەرکوک)، شەهید لەتیف (ڕانیە)، لەو کاتەدا (مەلا عەلی) یش یەکێک بووە

لەو قارەمانانەی لە خۆڕاگریدا هیچی لەو شەهیدانە و هاوڕێکانی کەمتر نەبووە. گەرچی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتیش نەبوو. بۆیە دەتوانم بڵێم:

شەهید (مەلا عەلی) بیروباوەڕی چەپ و پێشمەرگایەتی و ئەدەبی، لە زیندانیدا کردە قیرگەیەکی خۆڕاگری تری شۆڕش، بەمەش شانازیەکی دەگمەنی لە مێژووی یەکێتی و شۆڕشدا بۆ خۆی و بۆ مێژوو تۆمار کرد. بۆیە بە هەق نازناوی تێکۆشەرێکی دەگمەن شایەنێتی.

٢٠١١/٧/٢

وەفا و شانازیی

لقی سلێمانی یەکێتی نوسەرانی کورد لە دوای نوێبوونەوە و پێکهێنانەوەی ورانی زنجیرەیەک چالاکی جیاجیا ژمارەیەک کتێبی چاپکردووە، کە ئەگەر چی هێشتا وەک ژمارە کەمن بەڵام بەشێکن لەو بەرنامەیەی لەبەردەستدان و هەوڵی تەواویش ئەدەین بۆ درێژە پێدان و بەردەوام بوونی.

یەکێک لەو کتێبانەی کە مافی خۆمانە شانازی پێوە بکەین ئەم بەرهەمەیە کە لە بەردەستی ئێوەی خوێنەردایە، بریتییە لە کۆی شیعرەکانی شاعیری بەهەڵوێست و شەهیدی زیندان (مەلا عەلی).

کە دەڵێین شانازی پێوەکردن، مەبەستمان ئەوەیە شانازی بەوەوە بکەین کە ئەرکێکی سەرشانی خۆمان لە بەچاپ گەیاندنی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە شەهید و بە هەڵوێستەی ناو زیندانی فاشستەکان بەجێهێناوە، چونکە شەهید (مەلا عەلی) هەر قارەمانی تەنگەدەستی جەمانی چەکداری نەبو بەڵکو تێکۆشەرێکی خاوەن ئەو قەڵەمە بەپێزە و ئەو هەڵوێستە کوردانەیە بو کە دوای دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانیشی، ڕووبەڕووی جەلادەکان و دژی بەنی سێدارە وتی:

مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بە سەد ژین
ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بە پەرژین
سەربەرزییە کە پێڵاوم ئەبینن
بەسەرسەری دوژمنەوە لە بەرزین

ڕاستە تائێستا شیعرەکانی (مەلا عەلی) چەند جارێ چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەم چاپەی لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد کۆی شیعر و نووسینەکانی ئەو شەهیدە ئەمرەبە و لەم بەرگەدا و پێشکەش بە گیانی پاکی (مەلا عەلی) و هەموو شەهیدانی قەڵەم و بەرهەڵستکاری دەکرێت ئومێدەوارین ئەم هەوڵە بچوکەی ئێمە لە ئاست گەورەیی شیعرو بەرهەمەکانی شەهیدی قەڵەم و بە هەڵوێست (مەلا عەلی)دا بێت.

یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی

تەمووزی ٢٠١١

ژیان نامەی شەهید مەلا عەلی
بەدەست و خەتی خۆی

خوێنەرانی بەڕێز پێشەکی سڵاوێکی کۆمۆنیستانەتان پێشکەش ئەکەم داواتان کردبوو کورتەی بەسەرهاتم بنووسمەوە ئەوا بە شەرەفەوە دەستم دایە خامە.

ساڵی ١٩٥٣ لە دێی بەربەرد- ناحیەی ماوەت- قەزای شارباژێر لە دایک بووم باوکم نیوەکاری ئاغایەکی گەلاڵەیی بوو لەگەڵ دووماڵی تر لەو دێیە بچکۆلەیە نیشتەجێ بووین.

ساڵی ١٩٥٨ بۆ ڕزگار بوون لە دەستی ئاغا ماڵمان ڕۆیشت بۆ دێی کوکە- ناحیەی سورداش- قەزای دوکان. لەوێ لە جیاتی نیوەکاری بە سێ یەک نوێنەوایمان ئەکرد. وە هەتا ئێستاش ماڵمان هەر لەو دێیەیە. لەسەرەتادا گوزەرانمان باش بوو بەڵام نەبوونی کاسبکار لە باوکم بەولاوە هەروەها ئاڵۆزی و پشێوی وڵات وە ڕووی خۆزان وای لێ کردین کە لە ڕیزی چینی جووتیاری هەژار بژمێردرێین هەتا ساڵی ١٩٦٩ ئێمە هەر بیگارمان کردووە بۆ ئاغا (بۆ حاجی برایم، شێخ ڕەئوف شێخ لەتیف، عارف قەرەچێتانی) هەر ئەو چەوساندنەوەیە هەستمی بزواند

(١)

[illegible]

داوای لێ کردم لە چین و چینایەتی بکۆڵمەوە بەڵام هەستی نەتەوایەتی وەک هەموو کەسێک، قۆناغی ئێستای نەتەوەکەمان لە دەروونمدا دروستی کرد (بۆ ئەوەی چۆنیەتی ژیانی ئێمە بزانن وە چۆنیەتی بیروا دروست بوونمان تێبگەن پرسیار لە برایەکەم بکەن کە ئێستا لە ئەوروپا زیندانییە- لەگەڵ ئەو بەیەک سک لەدایک بووین واتە دوانەین وە هەموو شێوەیەکمان لە یەکتری ئەچێ تەنانەت وێنەی یەکتریمان لێ گۆڕاوە ئەو ناوی (احمد مولود احمد)ە)

ساڵی ٩٦٧ چوینە ریزی یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە، ئەوەی بە یەکەم مامۆستای ئەزانم برادەرێک بوو لە ئامادەیی کشتوکاڵ بوو ناوی فاروق عمر بوو هەر ئەویش داوای لێ کردین بچینە ریزی پ.د.ک و هەر لە ناوەندی بووین وەرگیراین بە ئەندام وە ئەوەی راخاوی بیری داینەوە بلاوکراوە نهێنییەکانی پارتی بوو وەک



بروسکە، حەبات، چەکی حەبات، رزگاری ... هتد وە ئێمەش بە لای باڵی چەپدا لامان دا

لە قوناغی ئامادەیی بوین هاوڕێیەکی کۆمەڵە لە پارتیدا ڕێکخەرمان بوو بەڵام ئەو کاتە هەستم بە بوونی کۆمەڵە نە ئەکرد. لەگەڵ ئەو برایەم هەموو هەفتەیەک جارێک کۆئەبووینەوە بۆ خوێندنەوە هەتا لە ساڵی ٩٧٣ لە کۆمەڵە ڕێکی خستین ئەو هاوڕێیەش شەهید هیوا عبدالغفور بوو هەروەها شەهید حمە صالح ساسام زۆر خۆی لەگەڵ ماندوو کردین و خۆم بە قوناغی هەرزەکیان نەزانی.

ساڵی٩٧٤ لە ناوچەی سورداش ڕێکخراوی تولەیان بۆ کردینەوە و شەرەفی لێپرسراوی ئەو ڕێکخراوەیان بە من بەخشی، منیش لەسەرو توانای خۆمەوە بە شانازییەوە کارم کرد وە کارکردن بەو پەڕی نهێنیەوە بوو بەڵام بە داخەوە چوڵ بوونی ناوچەکە بڵاوەی بە هاوڕێیان کرد ساڵی ٩٧٦ کاتی هاوڕێیانی سەرکردایەتی گەران ڕێکخەری ئێمە ورەی بەردا و وای

بروسکە، خەبات، چەکی خەبات، ڕزگاری ... هتد وە ئێمەش بە لای باڵی چەپدا لامان دا.

لە قوناغی ئامادەیی بووین هاوڕێیەکی کۆمەڵە لە یارێدا ڕێکخەرمان بوو بەڵام ئەو کاتە هەستم بە بوونی کۆمەڵە نە ئەکرد، لەگەڵ ئەو برایەم هەموو هەفتەیەک جارێک کۆئەبووینەوە بۆ خوێندنەوە هەتا لە ساڵی ٩٧٣ لە کۆمەڵە ڕێکی خستین ئەو هاوڕێیەمان شەهید هیوا عبدالغفور بوو هەروەها شەهید حمە صالح ساسام زۆر خۆی لەگەڵ ماندوو کردین و خۆم بە قوناغی هەردوکیان ئەزانی.

ساڵی٩٧٤ لە ناوچەی سورداش ڕێکخراوی تواڵەیان بۆ کردینەوە و شەرەفی ئیپرسراوی ئەو ڕێکخراوەیان بە من بەخشی، منیش لەسەرو توانای خۆمەوە بە شانازییەوە کارم کرد وە کارکردن بەو بەری نەیشتمەوە بوو بەڵام بە داخەوە چوڵ بوونی ناوچەکە بڵاوەی بە هاوڕێیان کرد ساڵی ٩٧٦ کاتی هاوڕێیانی سەرکردایەتی گیران ڕێکخەری تیمە ورەی بەردا و وای

لە تیمە گەیاند کە کۆمەڵەکە وازی لەکار هێناوە و حەل بووە. هەر لەو ماوەیەدا ابراهیم حسن بوو بە ئاشنام و وای تێگەیاندم کە خۆ بە مارکسی زانەکان دەیانەوێ ڕێکخراوێکی نوێ دروست بکەن منیش بەوپەڕی حەماسەتەوە هاوکاریم لەگەڵ کردن هەتا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بۆم دەرکەوت کۆمەڵە لە کار نەکەوتووە و هەر بەردەوامە لە ئیش و وە ابراهیم حسن لەلایەن (..........) ناونکەوە ڕاسپێردراوە. من لەو کاتەوە وازم لێ هێنان و خۆم گەیاندە برادەرێک کە شکم لێی بوو لە ڕێکخراوێکی مارکسی کاردەکات وە داوام لێ کرد هەندێ شتم بۆ ڕوون بکاتەوە لە پاشدا داوام لێکرد کە بەرنامەی کۆمەڵەم بۆ پەیدا بکا. بەڵام پێش ئەوەی ئەو بیبینمەوە .... ڕوون بوو وە پاش هەفتەیەک دەرکەوت کە گیراوە من نەمویست ڕابکەم چونکە وازم لێ هێنابوون بەڵام کە زانیم لە دووم دەگەڕێن ڕامکردە دەرەوە.

[illegible]

ئەوەی کە سەلماندی .... و هاوکارەکانی بووەڵە بوون ئەو ئیعترافە نارەوایانە بوون کە کردیان لەسەر ئەو خەڵکە زۆرە ئەیانهێنا لەسەر ئەوانەش کردویانن کە هەر مناقەشەیان لەگەڵ کردبوون.

پێش دەرچوونە دەرەوەم زۆر برادەرم لێ بەشیمان کردبووەوە بەڵام بە داخەوە هەموویان گیران، ئەوانە محمد حمەکەریم خەلیفەو سەردار حمە ئەمین و نیهاد خلیل کە هەریەکیان بەوپەڕی تواناوە خزمەتی مارکسیزمیان ئەکرد.

لە دەرەوە یەکەم کەس کە چاوم پێ کەوت شەهید ئازاد و شەهید ئەوان بوون لەگەڵ هاوڕێ مەلا بەختیار بەیەکتریان ناساندین لەپاشان لەگەڵ هاوڕێ دلێر و هاوڕێ شێرکۆ (حسێنی تایو) ئەوان لە هەموو قسەیەکم ئاگادارن و ئەتوانن پرسیاریان لێ بکەن (وە هاوڕێ شێرکۆ لەرووی شتی برایەکەم ئاگادارە و ئەتوانن پرسیاری

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

لێ یەکەی لەو ڕووەوە) لەگەڵ هاوڕێ شێرکۆ چووین بۆ تالان بۆ لای هاوڕێ شەماڵ (شێخ محەمەدی باخ) و هاوڕێ جەمال علی باپیر و شەهید احمد فتح اللە پاش چەند مانگێک مانەوەم لەوێ لەگەڵ هاوڕێ شەماڵ چووین بۆ قەراخ ماوەیەکیش لەوێ مابینەوە.

شەهید شاسوار بڕیاری دا بچمە ناوچەی سورداش منیش خۆم حەزم نەکرد بۆ ئەوەی بتوانم سەرپەرشتی ماڵەوەش بکەم چونکە باوکم لەسەر من گیرابوو بۆیە گەشتم لەسەر خۆی حوکم درابوو. شەهید شاسوار لە بڕیارەکەی پەشیمان بۆوە و ووتی ئەبێ لەگەڵما بێی بۆ مەکتەبی سیاسی و ببی بە نوێنەری قوتابیان بەڵام من داواکاری ئەوم قبوڵ نەکرد چونکە ئەمزانی ئەو ئیشەم پێ بەڕێوە ناچێت بۆ لە ماڵەوەش دوور دەکەومەوە.

(٦)

[illegible]

دوای ٩ مانگ باوکم بەربەڵا بوو منیش لەگەڵ هاوڕێ شەماڵ چووم بۆ قەندیل و ماوەی چوار مانگ لەوێ مامەوە. ئێستاش شانازی بەو ماوە کورتەی ژیانمەوە دەکەم کە لە قەندیل بەسەرم برد و توانیووم هاوڕێیان لە خۆم رازی بکەم بە تایبەتی کاک نەوشیروان و مامە و مامۆستا جەعفەر و هاوڕێ جەماڵ و ...هتد.

پاش ئەوە گەڕامەوە بۆ ناوچەی دوکان و لەسەر بڕیاری هاوڕێ بەکر حاجی سەفەر و بە رەزامەندی هاوڕێیان (دلشاد و شێخ صدیق و کاک جەمال) و شەهید مامۆستا غەفور لێپرسراوێتی ناوچەم لە ئەستۆ گرت (ناوچەی زەڵوان) ئەمەی جێی داخە نەمتوانی وەکو پێویست ئیش بکەم چونکە هاتبوویە سەر لانەی وێران هەربەکەش نوێی هەزاران گیروگرفت بوو، تەنها هاوڕێ جەماڵ بوو خۆی لەبیر



ڕانەگرت، زۆرزۆر سوپاسی هاوڕێیان ئەکەم کە زۆر خۆیان ماندو ئەکرد بۆ پڕکردنەوەی کەم و کورتییەکانی هەرێمەکە.

سەرەڕای ئەمە وەکو کادرێک لە سۆرداش ئیشم ئەکرد چونکە ناوچەکەمان کادری کەم بوو. غەریب عبدالقادر مەقەڕ بوو. هاوڕێ صلاح زۆر ئەو سپانەی دوایی زاری بوو وە ئامادە بوو هەر لەگەڵ ئەوان بگەڕێ بەڵام ئیمەی وەلاتیو ئەمانەت داوای لە شەهید عارف ئەکرد کە جیهانەی تایبەتی ئەو پشت ئەو ڕووداوە پرسیار لە خاڵە شێخ صدیق و هاوڕێ دلشاد بکەن.

چۆنیەتی گیرانم بۆ نامەیەکی تر

هاوڕێتان (ملا علی) حسین مولود احمد



نامەی شەهید مەلا عەلی
بۆ شەهید دڵشاد

هەمیشەت باش

هاوڕێی زۆر زۆر خۆشەویستم کاکە دڵشاد

سەرەتا گەرمترین سڵاوی کۆمۆنیستانەت پێشکەش بێت. هیوام خۆشی و شادی و بەختەوەریتە. ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان وە پێشمەرگەکان. چاوەکەم نامەوێ یەک یەک ناوەکانیان بنوسم بۆ خۆت وەکیل بەو یەک یەک سڵاوی منیان پێرابگەیەنە بە مامۆستاکانیش هەموویان، هاوڕێ گیان ئەمەوێ دەربارەی چۆنیەتی گیرانمان چەند شتێکت بۆ بنووسم:

خاڵە شێخ صدیق ئەزانێ چۆن من و هاوڕێ عارف وە هاوڕێ جەمال لێ یان جیاوویەوە وە عەلی بابیر ئەزانێ چۆن هاوڕێ عارف لەگەڵم هات وە بۆچی لە هەمزان جەماعەتیان بەجێهێشت ئەو لە ڕێوێ مابەوە باش نیوەڕۆی

[illegible]

شەهید دلشاد تۆفیق

دوایی بە ڕێگایەکی نهێنیدا ڕۆیشتین بە بێ ئەوەی ئاشنابە هیچ دێیەک چووین بۆ ماڵی خۆمان ئەو شەو مابینەوە. ئینجا هەواڵمان نارد بۆ خاڵی شەهید عارف و هات وە بڕیارماندا ڕۆژی جومعە ڕێکەوتی ٦/٣١ لە قاوان چاوەڕێی ئەسری بڕای عارف بین بەشکم کەس و کاریشیان لەگەڵ خۆی بهێنێ. هەر لەو ئەو ڕۆژەدا خەڵکێ زۆر هاتن بۆ دیدەنیمان. لەوێوە یەکێک لە لایەن نووری حاجی گوڕوی قەرەچەتانیەوە کە لە لیژنە سەرکەزییەکانەوە هاتبوو بۆ ئەوەی ئەندامێکیان بهێنێ و ئێمە ڕەوانەی بکەین بۆ مەکتەبی سیاسی لەبەر ئەو هاتوچۆ زۆرە بڕیارماندا ماڵی خۆمان بەجێبهێڵین و چووین بۆ کۆزە بۆ ماڵی خدر قادر بابیر ـــــ.

[illegible]

(٤)

بەیانی زوو هەتا دنیا ڕووناک بووەوە حەرەسی بووم لە پاشان هاتمەوە ژوور، نانمان خوارد و هەتا سەعات(١٠) هیچ ڕووی نەدا ئینجا ژنی خەو بە پەلە هات ووتی جەیشی لە جادەوە هاتە خوار، هەتا ئێمە هەستاین و هاتینە دەرگا بۆ ئەوەی دەرچین ووتیان گەیشتونە ناودێ، ئێمەش بێ ئەوەی هیچمان لێ بەجێبمێنێ دەرچووین و چوینە ناو چنارەکانی بەرناوەی سەر هەوانی گەڕاین، یەک دوو کەسی گرژەی لە ناو چنارەکان بوون، لەبەر ئەوەی خۆمان لەم بارەی ئەوانیش ڕەت بووین و ئامۆژگاریمان کردن کە قسە نەکەن.

بەدیاری سەرەتا

خودا پەروەردگار چووم بۆ سەرگەڕان بووم لە
پاشام هاتمەوە زۆر تا ماڵەوە هاتمەوە
هەتا سەرهات [illegible] (١٠) هیچ سەرچاوە
نەبوو ئەوسا زۆر هەڵسەربەستیە لە هات
هۆکی چەمیش لە جادەوە هاتنەوە
هەتا ئێمە هەستاین و هاتینە دەنیا
بۆ ئەوەی [illegible] سەرچاوەیان لە هەشتووە
ناوەکی. ئێمەش بە تۆ ئەوەی هیچمان
لێ بەجێ [illegible] دەبیوەریەوە هەبوونە
ناوەکیان [illegible] بە سەربازەکان لە هەموو
ڕاگەیاند. بەڵام [illegible] کردن
لە ناوچەکانمان بووین. لە بەر ئەوەی
خۆمان بتوانین [illegible] ڕاستی
بووینەوە هاتنە سەرمان لەگەڵ [illegible]

(٢) ← تەواوە

شەهید مارف ووتی چی بکەین ووتم بابزانین جەیش کوێ ئەگرێ، لە لایەکەوە سەرنجمان دا جەیش ئەمات دەوری چەم بیشەڵانەکە بگرێ و ئێمەش بە خێرایی داگەڕاین زۆری نەمابوو بگەینە ناو پەلە چنارێکی گەورە لە دواوە بانگیان کردین هیچ ئاوڕمان لێ نەدانەوە گەیشتینە سەرچەم و پەڕینەوە، ئەوبەری چەمەکە ساڵانی پەلە چنار بوو ئەمساڵ بڕیبوویان هەرچۆن بوو خۆمان گەیاندە جۆگایەکی قوڵ و بەرەو لای چەرمەگا ڕۆیشتین دیمان پێشەوەمان بە سلاو گیراوە شەهید مارف ووتی با خۆمان بکوژین منیش ووتم با جارێ ئێمە ئەوان بکوژین کە زانیمان دەرناچین ئەوسا

شەهیدی مایەی سەقەت جێ گلەیە حەوتەم با
بزانیە چە بێ کوێ تەگرن لە لەیلە
سەر بگا بەرد ا هەر بێ تەماشا سەرەبەرزت
تۆ لە نەفامە بگرن و لەچە بۆ
چە ویشە
بە شێرا تێ دا لیم خشخشە شەرما جۆر
گەشتە تاو بە لە چنار تۆپێ گەورە لە دوا
چە ماتلیانە کردوە هیچ ئاهەنگی ماڵ
نەدا نەوە کە بێشتینە سەر و چەم و
بە ر سەر و / کە وەچە رێ چە مەر کە
سا تۆ دە بە لە چنار بجو لەحسا ن
سر سوپاس هە ر جۆ نە جور هەوا نم
کە ما لە هەوا ی ل هەڵ و بە ر بە و
لەبەر چە ر چەکا مەشتشیم دنیا
بێشە وماو بە شا ور گرو شەهید
مایەی بو ک با هەوا بگرن لە ، ش
حەوتەم با حارث لێ لە ئەم بلوێ نیە
گەزانیانە دە هاچێ مە حسا :
(ص)

هەرچی لە پێشماندا بوو ئاوانە بەر سەنیە ئینجا بەرەو دواوە گەڕاینەوە، شوێنی قاچمان زۆر بە ئاشکرا دیار بوو لەناو جۆگاکە حەقیبەکانمان شاردەوە هەر لە جۆگاکەدا. کەمێکی تر ڕۆیشتین دیمان دواوەش گیراوە و بەرەو ڕوومان دێن وە هەتا دێن ئاگرەکە تەسک دەبێتەوە بە تەقەکردن خۆمان گەیاندەوە قەراغی چەمەکە و ویستمان بپەڕینەوە بۆ جۆگای ئاشی قابەق (ئەگەر بگەیشتینایەتە ئەوێ دەردەچووین چونکە ڕوو دەکاتە ناو چنارەکانی گوڵیجە و کۆتکە) بەڵام هاوڕێ عارف ووتی با خۆمان بخەینە ژێر جۆرکەوە گەڕاین هیچمان لەدوایەوە ناچار بەرەو جۆگاکە ملمان لە چەم

هەرچی لە پشتمانە بوو دامانە بەچەپڵە
ئێستا بەرەو دەروە گەڕاینەوە منوچێر
تا چاوم ئەبڕا ئەگەڕا دیار دەچوو لە ناو
جوگا کە هەمیشە ئاوم شاردەوە
هەر لە جوگا کەدا کە شێرێ دەرخشێ
دەمانم دوا ووتی ئێوەش لەبەر ...
بەچام دنیەوە هەتا دڵ دامرکا
تە ...ەوە بێتەوە بە تەنها دەرد
...مانم کەوانێوە هەرچی جێ ...
...مانم بیەرە ...وە ...
ناشی ... (ئەگەر تەنها بە پشتیان
ئەمڕۆ بە ... بووە جێ لە
...ە تا ناو خیارەکانی ...
...م) بەرۆم هامەرگ ... دوای
باقی مانم ... ...
...ا بە هێمام ... بەوە
تا جار بەرەو جوگا کە ... لەمە
١٠٦ ←

نا نەمان زانی چەمەکە هێندە قوڵە بە تفەنگەوە نقوم بووین، تفەنگەکانمان کەوتە گۆمەکەوە و ئێمەش بەپەلە خۆمان گەیاندە قەراغی ئاوەکە، ئاوەکە قوڕاو بوو خۆمان لە ئاوەکەدا نقوم کرد هەتا ملمان لە دوورەوە چاویان پێمان کەوت بۆمان هاتن و تەقەیان لێکردین من سەرم بریندار بوو انجا هاوارمان کرد تەسلیم بە خەیاڵمدا هات بڵێم بە کوێخا برایم مان ووتوە تەسلیمان بکاتەوە لە کاتی لێداندا بە توندی هاوارم ئەکرد بۆ ئەوەی هاوڕێ مارف تێ بگا، بەڵا م ووتیان ئەی بۆ ڕاتان کرد وتمان چاوەڕێی کوێخا بووین و خەڵکمان دیوە و وتویانە جەیش ئەتانکوژێ. ووتیان کێ بوو ووتم ئازانم ناوی چی بوو بەڵام بە ڕەنگ ئەیناسمەوە. منیان برد

با نیشتمانەکەم چیە کە هێشتە خۆ لە
بە تینە بلیەوە نیشتمان خوێن.. تفە تگەیاندم؟
بەوریە توێشم لە تەنو تێکەوتن بە جەلەو خۆ
گیانم بە تەواوی ئازاد بێ تاوەکو تێر [illegible]
هەرچی [illegible] تاوە نیشتمانم لەرە هەتا هەتا
لەوە.. وە چاوانم پیالە بووبێت و شوعلە
هاتەوە تەختەوانم [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] ئیجا هاوارمان لەرە تەنیا
بەهەیانم ئاهات بلێم بە کوێدا بڕواتە
[illegible] [illegible] [illegible] بیانتە خۆ.. تەنیا ئە
لێدانم دا بە توێشی هاوارم ئەگەر
تۆ ئەو [illegible] هەلورێ هاری تێ بکا. بەلام
دەستیانم ئەکێ خۆ بێ تاکو لەرە [illegible]
چاوەڕێ کە کوێ خۆ بووبێ و هەتا کیانم
[illegible] [illegible] [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] بەلام
بە [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]
(١٨) ←

بۆ ئاودێیی کرزە و خەڵکیان کۆکردەوە ووتم بە کوردی پرسیاریان لێ ئەکەم ئەڵێم کێ ووتی ڕاکە، زابتەکە ووتی باشە منیش بە کوردی کەوتمە قسەکردن و ئەو ئیفادەیەم پێراگەیەندن کە حازرم کردبوو بۆ ئەوەی ئەوانیش بە کوێخا برایمی ڕابگەیەنن و لە ئیستیخبارات دیفاعمان لێبکات. (...

....

..............................).

بۆ ماوەیەک گوزەرو هەڵگیرا ئاو
گوڕە ... بەکوردی پرسیار ماوە
بۆ ئەوەیم لەوڵاتم کە حەوتی ساڵە .

ماڵەکەم وەتەنی یا مەر عیشقی بەکوردی
لەوەتەی قستم ... ئەوی گیناوەیەم
بێ ... یاندم لە هاوارم بۆ ...
ئەوەی ئەو ئیشی بەکوردی حالێم
رانگەیە نەبوو لە استعمارات
دنیا عەمارم لێ بناست .

(٨)

هەر لەناو چەمەکە متبان پشکنی (٣٧٠) دینارم پێ بوو (٣٠٠)ی لە سلێمانیەوە هاتبوو ٧٠ دیناری (نەسریە)شم پێ مابوو عەسکەرەکان بردیان لەگەڵ دەفتەرێکی تەنزیمیەکان وە دەفتەرێکی جاسوس و پیاوخراپە اعترافی من بە زۆری لەسەر ئەوانە بوو کە زانیم ڕایان کردوە. ئەوانەی لەگەڵما بوون هەموو تەبریە بوون چونکە هیچ شتێکم لەسەر نەووتن و تەعزیبی هەموویانم خستە سەر خۆم. ....

....

بەڵام تکام وایە محاسەبەی (.......... و ....) بکەن چونکە دڵنیام قسەی ئەوان وای لە حاکم کرد مونەبەدم نەکات و بریاری خنکاندنم بدات.

هاوڕێت مەلا عەلی

(١٦)

هەر لە ناو قەدەکەی حسابی لیرە (٢٧٠)

دینارم بۆ سوو (٢٠٠) ی لە سلێمانییەوە

هاتوو [illegible] دیناری (٨) سەر [illegible]

جا بوو عەسکەری؟ بم بردیانم لەگەڵ

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بەڵام [illegible]

تکە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

کورتەی ژیانی شەهید حسەین مولود ئەحمەد
(مەلا عەلی)
بە پێنوسی (ئەحمەد مەولود)ی برای

ساڵی ١٩٥٣ لە دێی بەربەردی ناوچەی ماوەت لەگەڵ ئەحمەدی برایدا لە دایک بوون. (ئەم دوانەیە ئەوەندە لە یەکتری چون کە وێنەی یەکێکیان بۆ هەردوکیان بەکار هاتووە.) سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ چونەتە دێی کۆکە لە ناوچەی سورداش. ساڵی خوێندنی (١٩٥٩--١٩٦٠) چوونەتە قوتابخانەی سەرەتایی و ساڵی (١٩٦٦-١٩٦٧) چوونەتە قوتابخانەی ناوەندی (وەتەن). حسەین مولود ساڵی خوێندنی (١٩٧١-١٩٧٢) چۆتە ئامادەیی سلێمانی کوڕان بەشی ئەدەبی و چۆتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) و(پ.د.ک) و (پ.ش.ک). بەهۆی بیروڕای پێشکەوتن خوازی و چالاکی و جموجوڵەکانی لە پارتی دوور خراوەتەوە و هێشتا قۆناغی ئامادەیی تەواو نەکردبوو کە پەیوەندی کردبوو بە ئەلقە ڕۆشنبیرییەکانی کومەڵەوە و دواتریش بووە بە ئەندامی کومەڵەی مارکسی لینینی. ساڵی ١٩٧٤ وازی لە خوێندن هێناوە لەبەر بارودۆخی ناهەمواری ئەو کاتە و گەڕاوەتەوە بۆ کۆکە و لە ناوچەی سورداش کراوە بە لێپرسراوی ڕێکخراوی (تولە). لەسەر داوای هاوڕێیانی گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و درێژەی بە خوێندن داوە و قۆناغی ئامادەیشی تەواو کردووە و لە بەشی کوردی ئادابی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە و لەو ماوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و سەرکردایەتی کۆمەڵە گیران و

کاروباری ڕێکخستن و چالاکیەکان سست بوون و ئەمیش پەیوەندی پچڕا و ئاگای لە گۆڕانکاریەکان نەما، بە شێوەیەکی وا وای زانی بوو کۆمەڵە حەل کراوە، بۆیە کەوتۆتە سۆراغ کردنی ئەنجامی کۆمەڵە و دۆزینەوەی هاوڕێیان و هەوڵدان بۆ دروست کردنی ڕێکخراوێکی نوێ، دواتر هەستی کردووە کە کۆمەڵە هەر ماوە و ئەوەی تازە دروست ئەبێت ڕێکخراوێکی ترە، ئیتر چالاکیەکانی کەم کردۆتەوە و هەر وەک ئەندامێکی سادە لە ڕێکخراوی ڕەنجدەران دا ماوەتەوە و بەر لەوەی بە هۆی کۆمیتەی شارەود پەیوەندی بە کۆمەڵەوە تازە بکاتەوە، ڕێکخراوی ڕەنجدەران لەلایەن دوژمنەوە هەستی پێکراوە و زوربەی ئەندام و لایەنگرانی ئەگیرێن، ئەویش دیسانەوە و بە ناچاری لە ڕۆژی ١٩٧٧/٥/١١ خوێندن بەجێ ئەهێڵێت و ئەچێتەوە ناو ڕیزی شانە چەکدارەکانی کۆمەڵە.

پاش چوونەوە ناو کۆمەڵە ئەنێردرێتە خولی کادیران و بەسەرکەوتویی خولەکەی تەواو دەکات و لە ناو هەڤاڵەکانیدا بە کادیری جەماوەری ئەناسرێت و ناوی لێ ئەنرێت بە (مەلاعەلی) و ئەکرێتە لێپرسراوی ناوچەی زێلوان سەر بە قەزای دوکان.

ڕۆژی ١٩٧٩/١/٣٠ بە دەسیسەی خۆفرۆشان، ڕژێم لە دێی کرژەی ناوچەی سورداش لەگەڵ دمارف دا دەسگیریان ئەکات و ئەنێردرێن بۆ هەیئەی خاصە لە کەرکوک. ڕۆژی ١٩٧٩ /٦/٩ بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرئەکرێت و ڕەوانەی زیندانی موصل ئەکرێت و پاش تریکەی مانگ و نیوێک لەگەڵ (ئەلوەند عومەر و عەلی عال) دا لە شەوی ٢٢ لەسەر ١٩٧٩/٧/٢٣ لە سێدارە ئەدرێن و شەهید ئەکرێن.

دایکی شەهید مەلا عەلی، ئەو ڕۆژانەی ئەچوو بۆ مواجەهەی کورەکەی،

قایل بوونی خۆی بەرامبەر هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازەی کوڕەکەی و هاوڕێکانی دەربڕیوە و دڵخۆشی زیندانیان و کەس و کاریانی داوەتەوە و کارێکی وا جوانی نواندووە کە نازناوی دایکی شەهیدی پێ بدرێت.

شەهید مەلا عەلی لەکاتی بردنیدا بۆ بەرەیەتی سێدارە بە مەلاکەی وتووە بە تەلقینی تۆ ڕازی نابم چونکە هەر ئێوەن کە قەلاچۆی ئازادیخوازان ئەکەن.

لە دوا مواجهەدا بەتانیەکی بەدەستەوە بووە و بە کەس و کار و هاوڕێیانی وتووە ئەزانن ئەمە بەتانی کێیە؟ ئەمە بەتانی شەهید مامۆستا عەزیزە، تا ئێستا خۆم بە بەجێماوی کاروانی ئەزانی، بەڵام ئێستا بەختەوەرم کە بەتانیەکەی ئەو من پێی ئەخەوم لێم مەعلوم بووە کە ڕاستە من شوێن پێیەکەیانم ون نەکردووە و دڵنیام لەوەی بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئاسۆ جێ نامێنم و ئێوەش مەڕێزیتە لەناو کاروانی کەس و کاری یەکتریدا جێی خۆتان چۆڵ نەکەن.

زۆربەی شیعرەکانی ئەم دیوانەی لە ماوەی ئەو شەش مانگ و نیوەی ناو زیندانی موصل دا نووسیویەتی ناردویەتیە دەرەوە، جگە لەم شیعرانەش چەندین نامەی شۆڕش گێڕانەی ناردۆتە دەرەوە بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەر و ناسیاوەکانی کە تیایدا داوای خۆڕاگری و دڵسۆزیان لێ ئەکات و داوایان لێ ئەکات ڕیزەکانی گەل و شۆڕش پتەوتر بکەن دوا تکاشی لە هاوڕێکانی کۆمەڵە هەر ئەوە بووە کە ڕێبازی شۆڕشگێڕێتی ون نەکەن و لە کەم و کوڕیەکانی ببورن.

ئەحمەد مەولود
١٩٨١/١٢/٣٠
نێوزەنگ

نازەنین حەسەن ساڵح
برازنی شەهید مەلا عەلی وای بۆگێڕاینەوە

نازەنین حەسەن ساڵح لەدایکبووی ساڵی (١٩٥٣) یەو خێزانی شەهید ئەحمەد مەولود و برازنی حسەین مەولود (مەلا عەلی)یە. ئەڵێت باوکم پۆلیس بوو لە بەغدا ماڵمان لەوێ بوو، خوشکی ئەحمەد زڕ دایکم بوو، کە لەناو گەرمای بەغدا چووین بۆ کۆکە، پاش بەینێک من خوازرام بۆ ئەحمەد و خوا منداڵی داو کارمان زۆر بوو، کاکە حسێن هەمیشە ئەیوت نابێت ئەم ژنە بچەوسێتەوە و ماندوو بکرێت، کە ئەحمەد منی خواست، وتی با پیشەکی پێت بڵێم من و حسەینی برام تەلەبەین و سیاسین. حسەین لەگەڵ ئەنکی لە سلێمانی و لە گەڕەکی شێخ محی الدین ئەژیا و ئەحمەدیش لە داخلی بوو، بە هێلکە فرۆشتن و فەقیری بەردەوامییان ئەدا بە خوێندنەکەیان. ئەحمەد گەیشتە سانەوی زەراعە و تەواوی نەکرد و لە دائیرەی زەراعە دامەزرا. کاکە حسەینیش گەیشتە پۆلی دووی کلیەی ئاداب، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی. رۆژێک گەڕایەوە بۆ کۆکە وتی لەوانەیە من خوێندنم بۆ تەواو نەکرێت. ئەحمەد نەقڵی ناحیەی هێرۆ کراو پاش چل رۆژ ناردیان بۆ دەرەوە بۆ ئەبوغرێب و کە گەڕایەوە وتی ئەم جارە ژنەکەم و سێ منداڵەکەم لەگەڵ خۆم ئەبەم. ئەو شەوە کاکە حسەین قەراری دا واز لە خوێندن بهێنێت و بە ئەحمەدیشی وت ئاگات لە خۆت بێت، بەبانیەکەی کاکە حسەین خواحافیزی کرد و ڕۆیشتەوە بۆ سلێمانی بۆ ماڵی مامە سلێمانم لە گەڕەکی مەجید بەگ، ئیتر لەوێ سۆراغی وەزعەکەی کردبوو، زانیبووی کە ناوی

ئەویشی تیایە، بۆیە گەڕایەوە بۆ کۆکە. شەو شەهید (یاسین حاجی ئانی) دووجار لایتی سەیارەکەی لەبەر ماڵەکەماندا هەڵکرد و کاکە حسەین وتی ئەوە بە دوای مندا هاتوون و ئیتر ڕۆیشت و ماوەیەکی زۆر ئاگامان لێی نەما. ڕۆژێک لەگەڵ ئەسرینی دشم چووین بۆ بزاری نیسک، کە ئێوارە گەڕاینەوە خانمی خوشکیان هاتبوو، دڵم داخورپا وتم خێرە وا هاتوویت؟ وتی تالبی حاجی موشیر گەیەیی وتی کە ئەحمەدم لەگەڵ سێ عەسکەر و ئینزیبات دا بینیوە و ئەحمەد کەلەپچەی لە دەستا بووە و تالبی بانگ کردووە، وتوویەتی دوو دینارم بەرێ، کە تالب لێی نزیک بوتەوە پێی وتووە من پارەم ناوێت، بەڵام برۆ خەبەر بە ماڵەوە بدە. چووم بۆ فرقە و ئەمن و حامیە، کەسێک پێی وتم (ئەگەر پێت خۆشە ئەحمەد ببینیت ئافرەتێکم لەگەڵ خۆت بۆ بهێنە) وتم ئەحمەد ئیعدام کەن، ئەحمەدم هەر ناوێت، ئەگەر بۆ ئەو بینینەی من ئافرەتێکی کورد سەر شۆڕ و ڕیسوا بکەم، گەڕامەوە بۆ کۆکە.

دوو مانگی پێ چوو شەوێک گوێم لە دەنگێک بوو وتی برازن وتم کاکە حسەین ئەوە تۆی؟ وتی هێواش قسە بکە. جانتایەک و دەمانچەیەکی پێ بوو کە خاڵە برایمی لە کاتی بوون بە پێشمەرگەیدا بۆی کڕی بوو. وتی بیستوومە ئەحمەد گیراوە، ئەگەر لەسەر من گیرا بێت ئاسانە بەڵام ئەگەر لەسەر خۆی گیرابێت ئیعدامە، منیش خۆم نادەم بە دەستەوە چونکە کەسمان بەرنادەن و هەردووکمان کەشف بووین.

ڕۆژێک هەویرم شێلا بوو، تەماشام کرد لە سوسێ وە عەسکەر ئەهات و دابارین بەسەر ماڵەکەماندا، کەندووەکانیان هەڵڕشت و چی کتێب هەبوو دەریان هێنا و لەگەڵ تابەکەدا بردیان. خەزورم لە سلیمانی بوو، جوابیان بۆ نارد کە

نازەنین حەسەن سالح و شەهید مەلا عەلی

نەیەتەوە، بەڵام ئەو گەڕابووەوە بۆ کۆکە و گرتیان و بردیان بۆ دوکان و دوای ئەوە چەند گەڕاین بە دوایدا هەواڵمان نەزانی، دوو مانگێکی پێ چوو جوابیان بۆ هێنام کە داوای منی کردووە، منیش دەستێ جل و نەختێ ترێم بۆ برد، حاجی مەولود جلە چڵکنەکانی بۆ ناردمە دەرەوە و بەبینێکی پێ چوو جوابم بۆ هات کە بچمە ئەمنە کۆنەکە مواجەهەی بکەم، چونکە وتبوویان ئەوانەی لەسەر هاوسەر و کوڕ و برا و باوک گیراون ڕەوانەی جنوبیان ئەکەن، ئنجا چووم بۆ سجنی سەرەوە بۆ لای خەزورم، وتی بە حسەین بڵێن خۆی دەرنەخات و ئاگای لە خۆی بێت و هەواڵی ئەحمەدیشم بۆ بنێرن. هەشت مانگ بوو خەزورم گیرا بوو، جوابم بۆ هات بچم بۆ مواجەهەی لە سەماوە، پێش ئەوە چوومە ئەبوغرێب و مواجەهەی ئەحمەدم کرد وزانیم کە موئەبەد حوکم دراوە و پێنج هاوڕێشی ئیعدام کرابوون، کە سجنەکان هاتنە دەرەوە ئەحمەدم نەناسیەوە، دایکی سێ منالی بووم، ڕەنگ زەرد و لەڕ و لاواز و سەرڕوتاوە بوو، تەنها بە دەنگیا ناسیمەوە. وتم بۆ وات لێهاتووە؟ وتی لە هەیئەی خاصەی کەرکوک زۆر ئەعزیبیان داوم، بەڵام لە ئەبوغرێب حاڵمان باشترە. ئەحمەد وتی: نازەنین تۆ ئازادی وازمان لێ دێنیت کەیفی خۆتە، منالم بۆ جێ دێڵیت هەر کەیفی خۆتە. وتم بۆچی ئەم قسانەم لەگەڵ ئەکەیت؟ تۆ باوکی منالەکانی منی و هەموو پیاوێک بە باوک و برای خۆم ئەزانم. ئیتر تا حکومەت عەفواتەکەی دا سێ ساڵی پێ چوو، هەموو جارێک ئەچووم بۆ مواجەهەی.

کاکە حسەین لەو ماوەیەدا لە قەندیل پێشمەرگە بوو، ماوە ماوەش ئەهاتە کۆکە و سەردانی ئەکردین لە ماڵی ئاسکۆڵی خوشکم ئەبوو لە چەمی کۆکە، لەوێ دڕکەکە زۆر چڕ بوو وەکو مزراح شوێن دڕکەکەمان بۆ هەڵکۆڵی

بوو، کزیشمان وەکو دەرگا ئەدایەوە بە پەردەمەکەیدا. ئیتر هەموو جارێ بە ناوی حاجەت شۆرینەوە نان و چاو هەواڵمان بۆ ئەبرد. ئینجا کەوتمە گوێزانەوەی کاغەزی نێوان ئەحمەد و کاکە حسەین. کاکە حسەین کاغەزەکانی وەک چکلێت ئەپێچایەوە و من کە ئەچووم بۆ مواجهە تێکەڵی چکلێتی ترم ئەکرد و لەوێ ئەمووت ئەحمەد ئەم چکلێتەیان زۆر خۆشە.

خۆم زەرعاتم ئەکرد. جارێکیان کاکە حسەین، دڵشاد و حەمە رەزای لەگەڵ بوو (کە هەردووکیان خۆی تەنزیمی کردبوون و هەردووکیشیان شەهید کران) ئەو دووانە هەردووکیان یارمەتیان ئەدام بۆ شریت لێدانی توتن. بەڵام کاکە حسەین نەیئەوێرا خۆی دەرخات.

جارێکیان کاکە حسەین دوو سەعاتی بە دیاری بۆ هێنابووین یەکێکان بۆ حەسەنی برای و ئەوی تریان بۆ من. کە چووم بۆ مواجهەی ئەحمەد، وتی نازەنین ئەم سەعاتە جوانەت لە کوێ بوو؟ وتم ئەوە دیاری کاکە حسەینە، وتی سەعاتەکەم ئەدەیتێ، وتم موبارەکت بێت. پاش بەینێک نامەمان بە بەریدا بۆ هات باسی سەعاتەکەی تیا کردبوو کە موشکیلەی بۆ دروست کردووە و وتویانە ئەم سەعاتە ئێرانیەت چۆن دەست کەوتووە؟. کە چووم بۆ مواجهە لێیان پرسیم ئەم سەعاتە ئێرانیەت لە کوێ بوو؟ وتم یارەم بەنێ سەعاتتان بۆ بهێنم. ئەو جارە ئەحمەد داوای رەسمی هەمووماتی کرد و بۆ جارێکی تر کە چوومەوە رەسمی هەموویانم بۆ برد و رەسمی کاکە حسەینیشم بۆ برد.

ڕۆژێک چووم بۆ سلێمانی، دشەکەم وتی حسەینی برازام گیراوە. شەوێک بەر لەوە بە کاکە حسەینم وت ئەچم بۆ مواجهەی ئەحمەد پارەی وردەی دامێ

وتی ئەمە بۆ ئاسۆ، وتم وەڵا ئەیبەم بۆ ئەحمەد چونکە لەوێ لە حانوتەکە شتی پێ ئەکرێت، پێشم وت لە چەمەکە مەمێنەرەوە چونکە چاڵە و ئاگات لە هاتنی جەیش و جاش نابێت. بەڵام ئەو بە قسەی نەکردم و بۆ بەیانی لەگەڵ دەمارەی برازای عەلی بچکۆلدا گیرابوو. ئیتر ڕێگەی موسڵیشم گرتە بەر و هەموو جارێک نامەی پیا ئەناردمە دەرەوە و ئەیوت برازێ ئەم نامانە باش بپارێزە تا ئەحمەد ئازاد ئەکرێت، یا دواتر لە چاپی بدات.

چووم بۆ لای ئەحمەد نامەی کاکە حسەینم پێ بوو، ئەسرینی خوشکی تاریخەکەی گۆڕی، چونکە کاکە حسەین دوو ڕۆژ بوو گیرا بوو. کە بردم ئەحمەد وتی ئەم تاریخە بۆچی گۆڕراوە؟ وتی من خەوم پێوە بینیوە وتویەتی قاچم دێشێ، ئەوان دوانە بوون، بە ئازاری یەکتریان ئەزانی.

گەڕامەوە چوومەوە بۆ موسڵ، کاکە حسین وتی ئەمجارە جگەرەم بۆ بێنە یا لەسەر سیمەکانی نامە بنوسم و ئەبێت بۆم بەریتە دەرەوە و بشیان پارێزیت.

من زۆر بێتاقەت بووم (بێ پارە و بە گەرما و بە سێ کەسی سجن کراوەوە بە خەزور وخەسویەکی هەتاسە سارد و سێ منالی خۆمەوە) وتی برازێ خەمبار و بێتاقەت مەبە، خەڵکی یەک کوری نابێت، دایکم شەش کوری هەیە و چواری ماوە.

دیسان چوومەوە ئەبوو غریب، ئەحمەد وتی توخوا نازەنین ڕاستم پێ بڵێن حسەینت دیوە؟ وتم بەو خوایە پیرێ کاکە حسەینم دیوە. (سوێندەکەم نەئەکەوت چونکە لە سجن بینیبووم.)

صابر کۆکەیی گیرا بوو ئەو بەربوو چووم بۆ لای وتی ئەبێت بچیت بۆ

موسڵ. بەیانی زوو چووم بۆ ئەبوغرێب و گەڕامەوە کە بۆ سبەینێ بچم بۆ موسڵ. وتیان مواجهەی موسڵ پێش خراوە، بەپەلە چوومە نقلیات. سەعات شەشی ئێوارە بوو، لە سەیتەرەکە ڕێگەیان نەدام، زۆر پاڕامەوە وتم ئاخر مواجهەمان هەیە لە موسڵ، ئیتر ئیزنیان دام. گەیشتمە موسڵ لەوێ دایک و باوکی شەهید ئەڵوەندم بینی، ئەوانیش چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەیان ئەکرد. پێیان وتین، تا سەعات حەوت چاوەڕوان بن. (وەرە ڕۆح بۆ دەرناچێت چاوەڕوانی ئیعدام کردنی کەس و کار بکەیت). سەعات حەوتی ئێوارە دەرگایان لێ کردینەوە و چووینە ژوورەوە. ئەڵوەند دڵی بە کچێکەوە بوو بە کەژاڵی خوشکی وت بۆچی وێنەکەیت بۆ نەهێناوم؟. عەلی عال مواجهەی نەهاتبوو، کاکە حسەین وتی برازێن بلێ من هاتووم بۆ مواجهەی ئەو با لە ژوورەوە بێتە دەرێ، ئیتر هەمووبان هاتن و منیش عەباکەم بۆ ڕاخستن، وتی عەبامان بۆچی بۆ ڕائەخەی پاش ئێوە ئەکرێینە ژێر گڵەوە. جەلادەکەی پشان داین و وتیشی عەلی بیست دیناری پێیە بۆی بەرەوە بۆ ماڵەوەیان و وتیشی کە من ئیعدام کرام تەرمەکەشم بۆ ماوەی حەوت ساڵ حیجزی لەسەرە، بەڵام کە کوردستان ئازاد بوو هەرچۆنێک بێت بمبەنەوە، وەسیەتیشی کرد کە کراسی ڕەشی بۆ لەبەر نەکەین و شیوەنی بۆ نەکەین.ئیتر خواحافیزیمان کرد.

کاک عومەری باوکی شەهید ئەڵوەند وتی من تا ئەمڕۆشەوە چاوەڕوان ئەبم بزانم تەرمەکانتان بەرەو کوێ ئەبەن، ئیتر تەرمەکان لە ئەلەعفەر نێژرابوون و ئاسیبوونیەوە و نیشانەی کردبوون، چونکە قەبرەکانیان زۆر قوڵ نەکردبوو. چەند جارێک چوین بۆ سەرقەبران چوونەکەشیان پێڕەوا نەبینین و مەمنوعیان کرد.

کاکە حسەین ئیعدام کرا و چارەکێک دوای ئەوە حکومەت عەفواتی دەرکرد و غازی فازلی هاورێی بەر عەفواتەکە کەوت و پێی وتبوو ئەگەر تۆ بەرعەفوات کەوتی پێ لە ماڵی ئێمە مەبڕە.

کاکە حسەین دڵی بە کچێکەوە بوو، چووینە خوازبێنی باوکی داوای دووکچی کرد. کاکە حسەین وتی کچی شار زۆرە بیهێنم بەڵام من کچی ئازای دڵم ئەوێت، ئیتر نسیب نەبوو.

ئەڵقەیەک لە قەبرەکەیدا بوو، ئەڵقەی کەسێکی نزیکی مامۆستا عەزیزی سەرکردە بوو، وتبوی من ئەم ئەڵقەیە ئەکەمە پەنجە بچکۆلەکەم بۆ ئەوەی بمناسنەوە، ((دیارە ئەو ئەڵقەیە ئەو ئاواتەشی بوو کە تەهاتەدی و لەگەڵ خۆیا برایە ناو گۆڕ)) ئیتر دوای ئازاد کردنی عێراق کە قەبرەکان هەڵدارتەوە ئەڵقەکە لە پەنجە بچکۆلەکەیدا بوو، لەگەڵ ٣٦ شەهیدی تردا هێنامانەوە و لە گردی ئایلاخ ناشتمان، چەند ساڵ ئەو دوو برایە لێکتر دابڕان، بەڵام لە مردنەکەیاندا یەکیان گرتەوە و لە پاڵ یەکەوە نێژران.

دوا جگەرەی شەهید مەلا عەلی بەر لەسێدارەدانی

ئەو ئەڵقەیەی کە شەهید مەلا عەلی پێناسراوەتەوە

قۆپچەی چاکەتی بیجامەکەی شەهید مەلا عەلی لە ناو گۆڕەکەیدا دۆزراوەتەوە

هەموو سەروەتی شەهید مەلا عەلی لە ناو گۆڕەکەیدا دۆزراوەتەوە

نامەی ئەحمەد مەولود بۆ شەهید مەلا عەلی

هەموو کاتێکت باش

برای خۆشەویست حسین

گەرمترین سلاوت لێ بێت، هیوام سەرکەوتن و شادی تەندروستیتە.

سلاوم هەیە بۆ هەموو ماڵەوە وە بۆ هەموو دۆستانی کۆکە.

سلاوم هەیە بۆ عەلی حاجی کریم و ماڵەوەیان وە بۆ عبدالله فقی محمود.

ریز و سلاوم هەیە بۆ هەموو هاورێ و دۆستێک.

چاوەروانی هاتنت بووین هەتا رۆژی ٩/١٧ گەراینەوە غیرەدینم دی کە تۆی دیبوو وتی شەری کردووە و رۆژی پێشتر عەباس لە هێرۆ بوو وتی بە نیازە ٩/١٨ بێت. منیش ئەو کتێبەی دەستنیشانت کردبوو دام بە عباس بەو نیازەی جەژن ئەچین بۆ لای بەلام هەوالی غیرەدین (خیرالله) سەغلەتی کردین.

کورێکی تر (محمد صادق عارف)م بە غیرەدین ناساند لەگەڵ یەکێکی تر.

کە هاتمەوە تعارفتان لەگەڵ دوو کوری تر پێ ئەکەم خەڵکی قەلادزەن یەکێکیان لە علومە و ئەوی تر لە زراعەیە هەروەها یەکێکی تر لە هەندەسەیە.

براکەی سەردار - سالار – تقدیمی دارالمعلمین ی کردووە جار جار دیدەنی بکە.

کە هاتمەوە لە شتی تر ئاگادار ئەبیت.

دلنیا بە کاتمان بە فیرۆ نارواتو بەرهەمێکمان هەبە.

برات احمد
١٩٧٦/٩/٢٠



نامەی سەردار بۆ شەهید مەلا عەلی

بۆ هاوڕێ ی خۆشەویستم کاکە حوسێن

چاوەکەم جوانترین سڵاو لە پاکترین دڵەوە کام دڵ ئەو دڵەی شەیدای ڕوی گوڵ و ئەنجە و لار و هاتوچۆ و چاوی کاڵ و ئەو شنانەی وەلاناوە و بوون بە شتێکی سانەوی وە بگرە زۆر جاران هەر نامێنن لەلام. وە خۆشەویستی نیشتمانم بۆتە سەرلەوحەی دین و ئیمان و هەموو شتێکم (جا نازانم دەڵێی چی لەو بارەوە ڕەنگە چاکم گوتبێ).

براله گیان ڕۆژی ٥ شەممە ١٩٧٦/١١/١٨ هاتم بۆ سلێمانی لەبەر ئەوەی اجتماعمان هەبوو اجتماعی (مساح و مەسئول ئەرازی هەموو فەرعەکان) لەگەڵ کاک ڕەزا هاتم بۆ جامعە لە استیعلامات پرسیمان گوتیان بچن بۆ یەکیەتی ئیمەش هاتین لە حەوشەکە پرسیمان وە ئەوجا هاتین بۆ اتحاد وە سەیری جدولمان کرد ئێوە دەوامتان هەبوو کاتژمێر ١١,٢٥ بوو ئیمەش بۆ ئەگبەتی کاتژمێر ١١,٣٠ اجتماعمان دەستی پێدەکرد جا لەبەر ئەوە نەمتوانی بمێنمەوە

[illegible]

وە بە دیدارت شاد نەبووم. بەڵام هیوادارم ئەو پارچە کاغەزە کوڵ و کۆمان دامرکێنێ. بەڵام چاوم لە ڕێیە بۆ جەژن لە دوان یەک.

ئیدی بە هیوای دیدارم. لە کاک محمدی ڕەفیقتم پرسی گوتی چۆتەوە کۆکە وە لەبەر خاتری کاک ڕچا دە تا باوەڕت بی نیازم بوو بێم بۆ کۆکە بەڵام کاک ڕەزا نەیهێشت. شەو علی حاجی کریم هات بۆ لامان گوتی حوسێنی نابینم، وە باسی ئەو نوسراوەی کرد کە لەلایەتی دەیویست بۆت بێ بێتەوە.

کاکی خۆم توبی

ئەو خوایەی چۆنی

هاوڕێت سەردار

هەینی ۱۹/۱۱/۱۹۷۶



نامەی فەزیلە* بۆ شەهید مەلا عەلی

برای بەڕێز کاکە حسین

پاش سڵاو کردن وە بە بۆنەی نزیک بوونەوەی جەژنی نەورۆزی پیرۆزەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی تۆ و هەموو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز.

بە هیوام ئەم چەند ووشە کورتە وەڵامێک بێ بۆ نامە ڕازاوەکەی تۆ، لەگەڵ چاوپۆشی کردن لە کەم وکوڕیان..

بە دوو ڕۆژ پێش ئەو ڕۆژەی یەکترمان ناسی، ڕێم کەوتە دێکەی ئێوە و ئاشنایەتیم لەگەڵدا پەیداکردن لەمەش زیاتر کە بیستمان ڕۆژی پێنج شەممە شایی دەکرێت ئیتر چاوەڕوانمان کرد تا لەم ئاهەنگەدا بەشداری بکەین ئەگەر ماوەیەکی کورتیش بخایەنێت وە بەتایبەتی دوای ئەوەی کە زانیم ئەم شاییە ماڵی ئێوەن چونکە کورتە زانیاریەکمان دەربارەی تۆ و براکەت هەبوو...

ئەم حەز کردنەشمان بە نیازێکی پاک بوو نەک بە نیازی (جاسوسی) وەکو وتراوە، بەڵام ئێمە هیچ کاتێ لەم وشانە دڵگیر نابین چونکە کێ ئاگاداری ناخ و ناوەرۆکی کێ یە زۆر جار خەڵکی بە ڕواڵەت هەڵەخەڵەتێن و تووشی جۆرەها هەڵە دەبن.

وە ئەم جۆرە ڕووداوانەش زۆرە چونکە هەموو کارێک کاردانەوەیەکی لەدوایە ئیتر بە هەج جۆرێک بێت.

ئەگەر بێ دینم گەر بێ ئیمانم
ئەگەر سەرخۆشی مەیخانەکانم
هەر کەس بە جۆرێ لە من تێ دەگا
منیش هەر ئەوەم کە خۆم ئەیزانم



بەڵام نامەکەی ئەم جارە ئاراستەم کرا جیاواز بوو لە نامەکانی پێشو....

ئەتوانم بڵێم ڕۆمانێک بوو .. بۆیە ئەڵێم ڕۆمان چونکە تەنیا خوێندنەوەی دوو ڕۆمانی کوردی بەو جۆرە کاریان تێ کردوم کە ئەوانیش (قەڵای دمدم) و (ژانی گەل)ە.

بەڵێ بە خوێندنەوەی ئەم نامەیە چەند جارێک (بۆیە ناڵێم چەند جارێک لە کەسێ ئەگەیشتبێتم بەڵکو لەبەر ووردی و پڕ مانایی هەریەکێ لە ڕستەکانی حەزم ئەکرد زیاتر لێ یان بکۆڵمەوە و بتوانم بە تەواوی لە مەبەستی نووسەر بگەم).

ئەو نووسەرەی کە توانی تەنیا لە دوو لاپەڕەدا دەروونی خێزانێکم پێ بناسێنێ وە ئاگاداری زۆر نهێنیم بکا کە درکاندنی ئەم جۆرە نهێنیانە تەنیا لە نێوان خوشک و برایەکی دڵسۆزدا ئەشێ.

وە ئەو ڕاستیانەی سەلماند کە لە پێش ناسینی خۆیدا بیستبووم زۆر زۆر سوپاس بۆ هەستی ئەو دەرونە پاکەت.

ئەوەی لێم روون نەبوبێ و گومانم لێی هەیە، ئەوەیە کە ئایا چۆن؟ کاکە حسین ئەم نامەیەی ئاراستەی ئێمە کرد، خۆزگە بمزانیایە کە پێشتر هیچ زانیاریەکی لە بارەمانەوە هەبووە.... کە ئەویش بۆ یەکێکی وەکو ئەو زۆر ئاسانە و لە هەمان کاتدا پێویستیشە.

وە ئایا ئەگەر منیش نەبوومایە هەمان نامە بە خوشکانی تر ئەگەیەنرا؟ ئەوەش بزانە کاکە حسین کە لە خۆم زیاتر هیچ کەسێک بەمە ئاگادار نیە و ناشمەوێت ئاگادار بن.

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بەڵێ ئامادەبوونمان لەم ئاهەنگە جنجیلانەیەدا زۆر زۆر بەختیاری پێ بەخشین بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بیستم برایەکی وەک تۆ لەوێ بوو وە حەز بە بینینی ئێمە دەکات وە منیش بەش بە حاڵی خۆم زۆرم حەزم دەکرد چونکە دەمێک بوو چاوەڕێ ی هەلێکی وا بووم. کەچی گەردونی چەپەڵ دەستێکی لەمیش هەڵدا و ئەو ئاواتەی زیندە بە چاڵ کردین وە هەزارەها ئاواتی تر.

كل ما يتمنى المرء يدركه

يجري الرياح بما لا تشتهي السفن

وە ئەوەی زیاتر ئێمەی دووچاری بارێکی شێواو کرد و کەوتینە دەریای ئەندێشە و بیرکردنەوە لە ئەنجامی ئەو روداوە. هەڵچونە کت و پڕەکەی تۆ بوو کە هەرگیز شتێکی وا بە بیرماندا نەئەهات لەلایەن ڕۆشنبیرێکی وەک تۆوە.

بەڵام بە خوێندنەوەی نامەکەت و روونکردنەوەی ئەو هۆیانەی پاڵیان پێوە نابیت بۆ ئەم هەڵچونە ئەو تەمەش لە بیرمان دەرچوو. هەموو شتێکمان بۆ ساغ بووەوە...

بەڵێ رۆژی ٥/مارت/ بوو پاش تەواو بوونی کاتی محازەرەکەمان یەکێک لە بەشدارانی دەورەکەمان لێم نزیک بووەوە و نامەیەکی خستە دەستمەوە وتی: ئەمەیان بۆ تۆ ناردووە.. منیش ئاسایی لێم وەرگرت وتم سوپاس وام زانی یەکێکە لەو نامانەی لەلایەن دانیشتوانی دێ وە پێشکەش کراوە وەک هەموو نامەیەکی تر لە زۆربەی دێ یەکانی ئێمە ڕوویان تێدەکەین و جۆرەها گیروگرفت و پێشنیازیان تێدایە .. بەو ئامانجەی ئێمە بە پێی توانا یارمەتیان بدەین لە چارەسەرکردنیاندا...

[illegible]

[illegible]

لە کۆتاییدا ئەڵێم خۆزگە شتێکمان دەربارەی بیروڕای ئێوەش بزانیایە سەبارەت بەم جۆرە چالاکیەی ئێمە لەناو لادێ کانی کوردستاندا ...

وە ئەگەر تێبینی و سەرزەنشتیەکتان بۆمان هەبوو وەک برایەکی دڵسۆز ئاگادارمان بکەن بەو جۆرەی کە لەگەڵ باری ئێستای کۆمەڵەکەماندا بگونجێ و ئەوەشتان لا ئاشکرا بێت ئەو بەرنامەیەی لای ئەوانەوە دائەنرێت وە بەو مەبەستەی ئەیانەوێ ناگەیەنرێت .. لەوانەشە خۆتان زۆر چاک بزانن وە ئێمە ئەوەی لەگەڵ باری لادێ کانماندا ئەگونجێ هەرگیز نایکەین با هەزاری وەک ئەوانیش ڕێنماییمان بکەن و بیانەوێت.

ئێمە بەرژەوەندی ئەو چینە چەوساوەیەمان لا گرنگترە تا ڕەزامەندی دەستەیەکی زۆردار و چەوسێنەر. ئیتر هیوادارم لە مەبەستم بگەیت و ئەم نهێنیەش تەنها لای تۆ ئاشکرا بێت بەڵام لەگەڵ وەڵامی هەندێ لەو شتانەی حەز بە زانینیان دەکەم. وەک لەم چەند ڕستەیەدا دەستنیشانم کردوون لەسەرەوە.

لە کۆتایی دا و لەگەڵ ڕێز و سڵاودا ئەم کۆپلە هۆنراوەیەی ابراهیم ئەحمەدت پێشکەش بێت، ئەگەر چی ڕەنگە ڕەخنەش بگریت وە بڵێ ی جا بۆچی ترسنۆکی بەم پلەیە. بەڵام خۆ ئەمە هۆنراوەی من نیە بەڵکو زۆر لام پەسەندە.

لەبەر چاوی بەد لە ترسی بەدکار
دڵم دەکەمە گۆڕی یادگار
بە گریانی ووشک بە ناڵەی بێ دەنگ
دێنمە لەرزین تەختی کردگار

خوشکی بچوکت
فەزیلە
چوارشەممە ١٩٧٨/٣/٨



---

* فەزیلە حمە صالح رحیم دەرچووی کۆلیژی ئاداب بەشی کوردی زانکۆی سلێمانیە و خێزانی کاک کەمال قەرەداغی یە. لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٨٠ توێژەری کۆمەڵایەتی بووە لە دائیرەی زراعەی سلێمانی و ئەو کاتە سەرپەرشتی کردنەوەی خولی زراعەی کردووە لە لادێی کانیا و کە خوێندکاری زانکۆش بووە پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە هەبووە و هەر لەو ڕێگەیەشەوە حسەین مەولود (مەلا عەلی) ناسیوە

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ (حاجی مەولود)ی باوکی

بۆ باوکی خۆشەویستم حاجی مولود

پێشەکی دەستەکانت ماچ دەکەم

دەستی دایکم و مامە حاجی و مامە محمود ماچ دەکەم سەلام لە برازتم و فاتمە و نەسرین و حەسەن و مخلص و ئامین و ئامۆزنە خونچە و ئامۆزنە ئایشە و ئامۆزنە ئاسکە ئەکەم. چاوی رەحیم و محمد و شیرین و شنۆ و ئاسۆ و ئومێد و لەیلا و ئاوات و بەهرە ماچ ئەکەم. سەلام لە کاک حەسەن و ئەبوبەکر و پورە فاتمە و خالە ئەحمەد و خالۆژنە پرشنگ و ماڵی عبداللە دەروێش و حسەینی کاک حەسەن ئەکەم. سەلام لە ماڵی حسەینی حەمەاللە و ئەحمەدی مام عەبدوڵا ئەکەم هەروەها سەلام لە ماڵی فقی محمود دەکەم، سەلام لە ماڵی کاک صدیق ئەکەم، ئیستا لەگەڵ کاک شەماڵ ئەلای یەکین خەمی منتان نەبێت، جێگام زۆر چاکە، رەنگە وا زوو نەیەمەوە سەلام بگەیەنن بە ئەحمەدی برام و هەموو ئەوانەی هەواڵم ئەپرسن بە تایبەتی عبداللەی فقی محمود.

ئیتر خۆشیتان ئاواتمە

کوڕی خۆت

حسین

١٤ تموزی ١٩٧٨

کوێستانی قەندیل

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ دانیشتوانی دێی کۆکە

بۆ دانیشتوانی دێ ی کۆکە

سڵاوێکی گەرمتان پێشکەش بێت ئاواتەخوازم لە پاش من ناخۆشی نەبینن.

خزمەکانم تەمەنی منداڵی و گەنجیم لەناو ئێوەدا بەسەر برد شانازی بەوەوە ئەکەم کە خراپەم بەرامبەر کەس نەکرد. هەبووە خراپەشی بەرامبەرم کردووە چاوم لێ پۆشیوە هەبووە خراپ لە من گەیشتووە بەڵام دوایی خۆی راستی بۆ دەرکەوتووە. هەبووە گیروگرفتی خستۆتە ئیش و کارم بەڵام با ئەوە قەرزبێت بەسەریانەوە بۆ ئەو ڕۆژەی کە ئەڵێن چاو بە چاو ئەکەوێتەوە. من ناوی کەس ناهێنم بەڵام خۆیان باش ئەزانن بەڵام گەردنی هەموو کەس ئازاد بێت بێجگە ....

ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ عەلی و برایمی حاجی کەریم و علی ڕەحیم وە بۆ ماڵی حمە شەریف و صابر و فقێ محمود بە تایبەتی عبداللەی کوڕی



هەروەها بۆ ماڵی حەمەشوکری و دایکی و جەماڵ وە بۆ ماڵی عەزیز و بایز و ڕەشید وە بۆ ماڵی حسین حمەالله و حاجی علی و دەرویش غفور وە بۆ ماڵی حاجی سعید و برایم و ڕەشیدی برای کوێخا علی وە بۆ صابری احمد دۆشاو وە بۆ ماڵی خەلیفە ڕەزا. وە بۆ گوڵنازی مەلا یاسین وە بۆ ئوتقی مەلا ڕەشید و عوسمان و مەلازنە فاتم، وە سلاوم هەیە بۆ عزیزی حمەامین و دایکی وە بۆ ماڵی خاڵە احمد(خرم) وە بۆ ئەو ماڵانەی ناوەکانیانم بیر نییە بۆ هەموویان.

سڵاوی تایبەتیم هەیە بۆ .... و لەلایەن منەوە گەردنی ئازاد بێت و خوا ئەوانە بگرێت دوژمان و فیتنە بوون لە پێش هەموویانەوە ......، من خۆم بە تاوانکار نازانم بەرامبەر بە ئەو بۆیە داوای گەردن ئازادی لێ ناکەم ئەویش خۆی و ویژدانی، بەڵام گەردنی .... و ..... هەرگیز ئازاد نەبێت لەگەڵ ئەوانەی کە خۆم ئەزانم، انشاوالله بە دڵی خۆی شوێنەکا. ماوەتەوە ئەوانەی تۆزێک لێیان عاجزم

[illegible]

(٤)

وەک .... ، کە ئەڵێم گەردنی ئازاد بێ بەڵام گلەیی لێ بێ ئەوا خۆی نەخۆش بوو خۆ براکانی لەشیان ساغ بوو بۆچی دیار نەبوون، کە هەر ئەبێ ئیواران لەسەر کانی لەبن کەپری تەماتە دائەنیشتین و قسەی خۆشمان ئەکرد، ئیستا ئەبێ کێ لەگەڵیان دانیشێ، ئەبێ کێ بێ جوابی هەموو پرسیارێکی بداتەوە.

....

....

ئەمجارەش سڵاوم هەیە بۆ عەلی و برایم زۆر زۆر مەمنونتانم.

ئیتر خواحافیز
حسین



نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ (ئەحمەد مەولود)ی برای

هەمیشەت باش

برای زۆر زۆر خۆشەویست و دووره دیدار .. پێشەکی لە ناخی دەرونەوە لە کاتی چاوەڕوانی مردنێکی پڕ شانازی و سەربەرزیدا گەرمترین و جوانترین سڵاوت لێ بێت، ئاواتە خوازم وەک هەموو کوردێکی چەوساوەی برا کوژراو سەبوری بە دڵتا بێت و لە جیاتی خەم و خەفەت بڕەی شانازی کردن هەمیشە لەسەر ڕووت بێ. چاوەکەم هەزاران کەس لەم ڕێیە پیرۆزەدا گیانی خۆیان بەخت کردووە و براو کەسیان لەپاش بەجێ ماوە. وەک من ئەمڕۆ دەربەستی مردن نایەم نابێ تۆش دەربەستی ئەوە بێی کە منت لێ ون بووم، تۆش وەکو هەزاران هەزار ئەو برای شەهیدانە. دەبێ تۆ دڵخۆشی دایک و باوکم بدەیتەوە کە نابێ دڵتەنگ بن ئەوانیش وەکو

[illegible]

دایک و باوکی شەهید ئارام و شەهید شەهاب و شەهید مامۆستاغەفور و فتح الله ئاغا و هەزاران دایک و باوکی تر، سەرەرای ئەوە، ئەوان پێنج کوڕی تریان ماوە با وابزانن منیان هەر نەبووم وە دەبێ تۆ ئەو قسانەیان بۆ بکەیت. من شانازی بەوەوە ئەکەم کە دژی زۆر و ستەم ڕاوەستاوم و بەربەرەکانیم کردووە بەڵام بێ تاوانێکی وەکو شەهید حەمە یاسین حەمەامین ئەوەشی نەکردووە تێدا چوو، ئیتر بۆچی ئێوە دڵتان بە خۆتان بسوتێ. چاوەکەم مردن شتێکی وا نییە من لێی بترسم، خەمم نەبینینەوەی ئێوە بوو بە تایبەتی هی تۆ چونکە پتر لە دووساڵ و نیوە بە ئومێدی بینینەوەی من بووی حەزیشم کرد کە منت نەدی لە مواجەهە چونکە برینت تازە ئەبۆوە.


(٦)

چاوەکەم بە دەمیش وەسیەتم کردووە بەڵام وا بۆت دووپات ئەکەمەوە!
هەمیشە سەر لە هاوڕێکانم بدە بە تایبەتی سالار و نیهاد و دانیشتوانی قەڵادزە. هەروەها محمد حمە کریم و مەلا محمود وە علی ڕەسمچی و حەسەنی برای کە مامۆستایە و داوای لێ بکە مامۆستاکانی گاپیلۆن و یاخسەمەرت پێ بناسێنێ کە منیان ئەناسی، وە هەمیشە سەر لە ماڵی سەردار بدە. هەروەها غازی فازل حسن کە دانیشتوی سەنگەسەرە و لەگەڵ خۆم لەژووری ئیعدام بوو وەکو من تەماشای بکە. چەند شرینێکم لای ئامۆزیم داناوە مەیان فەوتێنە هەتاهەتایە. هەموو ماڵە ئاسیاوێک وێنەیەکی منیان بدەرێ و ئەو شیعرانەی لەپاش خۆم بە جێماون بیانپارێزە.

(٢)

[illegible]

هەوڵ بدە لەکاتی خۆشیدا واتە دوای سەرکەوتن خۆت بە مامە بناسێنە یان خۆت بە نوشیروان یان مەلا بەختیار دڵنیام بە بینینی تۆ لەگەشێنەوە چونکە منیان زۆر خۆشئەویست و ئومێدەوارم لە دوای من ئەو خۆشەویستییەیان بمێنێت هاتوچۆت لەگەڵ خەڵکی ئاودێ پتەوتر بکە ________________

____

هەروەها زووزوو سەر لە کەریمی حاجی بدە هەروەها فخرالدینی کوڕی کوێخا عەلی قازان و مامۆستا جلال کە لەتەرمەر مامۆستا بوو وە مامۆستا حەمید نجیب و قادری سۆفی مەنیجی زێوێ و ئەوانەی منیان





خۆشویستووە لە چەرمەگا و سوسێ و حاجیتان و فەرەجەتان و قایکەند و قازیاوا، سڵاوی منیان لێ بێت هەتا هەتایە، وەک ئەم جارەش یادیان بە خێر و تۆش بە خێر شادبیت.

زیندانی موصل / بەشی لە سێدارەدان
برات ٩/٧/ ٩٧٩
حسین مولود احمد

(٥)

خۆش و بێ تۆ وەکە چەرمەگاھ

سووتاو [illegible] بە دەم [illegible] چیاوە

تا [illegible] وتار [illegible]

[illegible] هەتا

[illegible]

هەتا [illegible] ئەم ماوەش مادام

بە [illegible] و [illegible] بە [illegible] دیمە

زیندانی موصل [illegible] لە شێوەدا

[illegible] ٩/٧/٩٧٩

حسێن مولود احمد

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ (ئەحمەد مەولود)ی برای

برام هەموو کاتت شاد بێ

ڕێبازی منت لە یاد بێ

برای خۆشەویستم پێشەکی سڵاوێکی گەرمت لێ بێت لە تۆ و هەموو هاوڕێیانت بە تایبەتی سەردار و نهاد.

چاوەکەم مردن ئەو شتە ترسناکە نی یە کە (توقع)مان دەکرد هەروەها مەسەلەی (عقیدە) شتێک نیە بگۆڕێت، زەق زەق لە پەتەکە ورد بیتەوە هێشتا پتر سور ئەبی لەسەر بیروباوەڕەکەت ئەگەر ئەو بیروباوەڕە (الحاد)یش بێت.

من زۆرتر لە مارکسیزم گەیشتم کە بەچاوی خۆم ئەو هەموو بێ تاوانەم دین هاتنە بەردەم پەتی خنکاندن، وەسیەتم ئەوەیە باشتر هەوڵ بدەی بۆ فێربونی مارکسیزم، هەتا مردنی یەکێکی وەکو من لەلات ئاسایی بێت، مردن لە ڕوی فەسلەجی یەوە هەر مردنە بەڵام کاریگەریەکەی جیاوازە، من لە کوڕی خەڵک زیاتر نەبووم و دایک و باوکم لە دایک و باوکی شەهیدان زیاتر نین، ماڵی احمد روستم و شێخ جلال و شێخ نوری و سەدان و هەزاران دایک و باوکی تر بە نمونە بهێننە بەرچاوتان.

چونیەتی گیرانم لە کەس و کارمان بپرسن هەوڵ بدە بە خەلکی راںگەیەنیت و بزانە من ئەو ترسنۆکە نەبووم بە زیندویی بگیرێم، بەڵام رێکەوت صدفە هیچی لەگەڵ ناکرێت. مارکسیزمیش باوەڕی بە صدفە هەیە. ئەو شیعرانەی کە ناردومنەوە بیان پارێزە و شیعرەکەی (بە خێوتان کردم) بە خەتێکی جوان بنوسنەوە و بیگرنە شوشە لەگەڵ رەسمەکەم هەڵی واسن.

گەردنی هەموو کەس ئازاد بیت بێجگە لە (........)، نەسرین بە ئارەزووی خوی بدەن بە شو، بە هوی منەوە زور داواکاری مەکەن لە لێپرسراوان، با تومەتتان بو دروست نەکەن.

زوو زوو شەماڵ ببینن یان ئازاد.

ئیتر خوشیت

حسین

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ (ئەحمەد مەولود)ی برای

برا شیرینەکەم ئەحمەد

لە ژووری خنکاندنەوە سڵاوی دەروونی بە کوڵت پێشکەش بێت هیوادارم لە خۆشیدا بیت.

برا گیان من لە پێناوی ئازادی گەلدا بووم بە قوربانی .. تا لەم کاتەشدا سەردار و محمد و تهادم لە بیرە وەسیەتم ئەوەیە هەمیشە سەریان لێ بدەی لە ماڵی محمد و سەردار. هەروەها هاورێیەکم هەیە لە ژووری خنکاندنە و ئومێدی بە دەرچوون هەیە ئەبێ هەمیشە سەری لێ بدەی ناوی (غازی فازل)ە و خەڵکی سەنگەسەرە بۆ ئەوەی بە چاوپێکەوتنی تۆ منی بیر بێتەوە ئومێدەوارم منی لە یادبێت.

براگیان هەرگیز لە ئایک و باوکم جیا نەبیتەوە و براکانم پێبگەیەنە.

برا شیرینەکەم ئەحمەد

لەدڵیەوە خودا ئەزانێ سڵاو و ڕێزی
بەکوڵت پێشکەش بێت هیوادارم لە
خۆشی دا بیت . برا گیانم جەلەیلمانی
ئازادی لەدڵ دا بچوم بە قوربانی . ئالەم
کاتەش دا سەردار و حەمە و ئادەم لەبیرە
دەستیم ئەوەیە هەمیشە سەرمایەم کەلا
بیدی لەماڵی حەمە و سەردار . هەروەها
هاوڕێ بێکم هەیە لەگەڵ قا لەتەوەی
خودا ئەزانێ ئەو هەموو بە دەرچووم
هەیە ئەو لە هەمیشە سەریان لێ
بدەی تا وەکو (فاتحە خوا صل)ە و
خۆشی سەرکەوتنە بۆئەوەی بە
چاوی خۆ وتی توانای نیربێتەوە
ئومێدەوارم خۆی لەیاد بێت .
برا گیانم هەتێر لەدەڵالی ... دنیا
نەبستەوە و برا ... بچە ...

سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو هاوڕێیان و بۆ هەموو خزمان گەورە و بچووک پێی ناوێ خەفەتم بۆ بخۆن مردن ڕێگای هەموو کەسە.

ناوی شۆڕشگێرانە بۆ منداڵەکانتان دابنێن. ئەو نوسینانەی بەجێ ماون بۆم چاپ بکەن بەتایبەتی شیعرەکان.

گەردنی هەموو کەس ئازاد بێت

لە شەوی ٢٢ لەسەر ٧/٢٣ کە ئەمشەو ماڵئاوایی یەکجاری ئەکەین لەگەڵ ئەڵوەند عمر و علی حاجی حسین

ئیتر خۆشیتان

برات حسین ٩٧٩/٧/٢٢

سڵاو و ڕێزم هەیە بۆ هەموو هاوڕێیانم

بۆ هەموو خزمانم. گەورە و بچووکیان

پێم ناوێت خەفەتم بۆ بخۆن هەروەها

پێتان هەموو کەس.

ئاواتی شۆڕشگێڕانە بۆ منداڵەکانم

داخوازم. ئەو نووسینانەی بە خەتی

ماوەن بۆم چاپیان بکەن بە تایبەتی

شیعرەکانم.

ئەوەی هەموو لە سەرشێتی ئاوایە

لە شەوی ٢٢/٧/ کە ئەمشەوە

هاتندا بە گیانی ئەکرێ لەگەڵ

ئەو هەموو ئەمری عالی ئەکەن هەیە.

بیرتان ئەکەم

برات

٢٢/١/٧٦

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ کەس و کاری

دایک و باوکی شیرینم، برا و خوشک و برازن و مام و ئامۆزا و ئامۆژن و خاڵ و خاڵۆژن و خاڵۆزا و پور و پورزا و هەموو خزم و کەس. گەردنتان ئازاد بێت. دوعاخوازی یەکجاری تکام ئەوەیە بۆم سەغڵەت مەبن وە هەرگیز نەڵێن لە پێناوی هیچدا ڕۆیشت. دەمەوێ هەمیشە بڵێن کوڕی خۆمان بەخشی بە چەوساوەی کوردستان. لەگەڵ پێشمەرگەدا ڕووخۆش بن و ئامانەتەکانیان بدەنەوە.

ئیتر خۆشیتان
کوڕی خۆتان حسێن
٩٧٩/٧/٢٢

باوك و دایكی شیعرم و برا و خوشك

و برازایە و مام و ئامۆزا و ئامۆزاوە و

ناکۆ و خانۆزایە و خاڵۆزا و پورزا و پورزاوە

هەموو هەرزەم و گەلەكی گەورە نیشتمانم

ئازاد بێت . ئەوانە هوارێكی بەكاره

تەمام ئەوە بە ترجمەی نامەت ئەدەبە

و هەرگیز نەلێن لەپێناوی هیچ دا

دەو ستینا . ئەوەی هەمیشە بڵێن

گوێن خۆشنانم بە خەتی نەبەرد یا دوول

گورستانم . لەگەڵ پێشمەرگە دا

بەروخوشی بە وشامانە نەنامێنم

بیە نەوە ،

ئێتر خۆشتانم

گورە خۆتانم

٦٧٩ / ٧ / ٢٤

نامەی شەهید مەلا عەلی بۆ کەس و کاری لە چاوەڕوانی خنکاندندا

بسم الله الرحمن رحیم

خزمان براکانم دایک و خوشکەکەنم باوکەگیان داواکارم لە یەزدانی مەزن کەوا خوا سەبووریت بدا.

باوکە گیان :- زۆر بە داخەوە کەوا لە سەرە مەرگدا نەمبینیت کەوا ریشە سپیە پڕ غەمەکەت ماچ بکەم، برایانم تکام وایە کە گوێ ڕایەڵی قسەی دایک و خاڵ و مام و باوکم بن وە لە قسەی باوکم دەرنەچن بە هیچ جۆرێک.

هاوڕێی ئازیزم غازی فازل دێت بۆ لاتان هەروا بزانن من هاتوومەتەوە ئیتر بە خواتان ئەسپێرم

حسین مولود
زووری سێدارەدانی موصل
بەشی خنکاندن
شەوی ٢٢ لەسەر ١٩٧٩/٧/٢٢
کاتژمێر ١١:١٥
چاوەڕێی خنکاندنم

بسم الله الرحمن الرحیم

خزمانا براکانم دایک و خوشکەکانم
باوکە گیانا داواکارم لە یەزدانی مەزن
[illegible]
باوکە گیانا [illegible] داخ مەخۆن [illegible]
[illegible]
[illegible] ساخ بکەن
برایانم ئێستا [illegible]
دایک و خاڵ و مام و باوکم [illegible]
[illegible] باوکم [illegible]
[illegible]

هاوڕێ [illegible] شیرینم [illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]

سەعید مەولود
[illegible] ستارەی موصل
[illegible]

[illegible]

ڕێزگرتن لە شەهیدان

کوڕەک
بۆ هاوڕێ ی تێکۆشەر نشوان
سلاوێکی گەرمی تێکۆشان

دوو ڕاپۆرتی ئاستی ڕۆشنبیریتان گەیشتە کەرتەکەمان کە دەربارەی
١-مەرجەکانی حزبی پرۆلیتار لە دەوڵەتی سوشیالستی دا
٢-ریڤیژنستی ئەم سەردەمە چۆن خۆی دەنوێنێ
بێگومان دوای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بە گوێرەی توانا گەشتینە ئەو ئامانجامەی کە ئەو دوو باسە تا رادەیەک لەسەر یەک بابەت یەک دەگرنەوە ئەویش مەسەلەی ناکۆکی نێوان پرۆلیتار و بورژوازیەتە کە چارەسەری تەنها بە شۆڕش دەکرێت کە تۆی تێکۆشەریش سەبارەت بەو باسە بۆچونەکانت ڕاست و ڕەوایە و هەڵوێست و شیکردنەوەکانت لە چوارچێوەی ڕێبازی کۆمەڵەدا خۆی دەنوێنی کە جێگای ڕەزامەندیمانە چونکە لەو ڕوانگەیەوەیە کە هەنگاو بەرەو یەکیەتی بیروکارکردن دەنێن و ئامانجەکانی چەوساوەکانی کوردستان بە دەست ئەهێنن.

هاوڕێ ی تێکۆشەر مەسەلەی سۆشیالستی تەک تەنها لای کرێکاران و زەحمەتکێشان باوەڕی پێهێنراوە و بە باڵاترین ڕێگای سەرفرازی لە قەڵەم دراوە

[illegible]

بۆ مرۆڤایەتی، بەڵکو تەنانەت لە لایەن چینە چەوسێنەر و بورژوازیەکانیشەوە باوەڕیان پێ هێناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانی خۆیان لە دەست ئەچێت ناتوانن لە جەوهەردا پەیرەوی سۆشیالیستی بکەن، وشەی سۆشیالیستی وەک بنێشتێک ئەجوونەوە و خۆیان پێ وە با ئەدەن بە نیازی خەڵەتاندن و لە خشتەبردنی چینە چەوساوە و ژێر دەستەکان کە بەختیاری خۆیان لەسەر رەنجی هێز و بازووی پرۆلیتار بە دەستدێنن. هەموو پارتێک تەنها ئەتوانێ نوێنەری چینێکی دیاری کراو بێت لەسەر بنچینەی باری ئابوری خۆی، تیتر هیچ پارتێک ناتوانێ بێتە دەم راست و نوێنەری هەموو چینەکانی کۆمەڵ، ئەگەر واش خۆی لە قەڵەم بدا مانای وایە کە بوونی ناکۆکی (رەفز) دەکات، ناکۆکیش دیاردەیەکی سروشتیە لە ناو کۆمەڵدا لە ئەنجامی جیاوازی سروشتیی

چینەکانەوە دروست بووە، ناکۆکیش لە نێوان دوو چینە سەرەکییەکەی (پرولیتار و بورژواز) لەهەر کۆمەلگایەک دا بێت ناکۆکیەکی دوژمنانەیە و ئەبێت لە ڕێگای شۆڕش و توند و تیژیەوە چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوە پەیرەوی کردنی ئاشتی چینایەتی لە لایەن هەر پارتێکی پرۆلیتارەوە بێت ئاوانە و لادانە (تحریف). لینین ئەڵێ: دیموکراسی بۆرژوازی دیموکراسیەتی تەسک و سەرکوێرکەرە وە بریتیە لە بەهەشتی دەوڵەمەندەکان و خەڵەتاندنی هەژارەکان. دیموکراسی بۆرژوازی بریتیە لە داپۆشینی زوڵم و دیلێتی بە پەچەی سەربەستی.

ڕژێمی بورژوازی با ڕێگای پارت و ڕێکخراوەکانی تریش بدات و شێوەی پرلمانی پەیرەو بکات بەڵام تا سنورێکی کەمە، کاتێک دەسەڵات و بەرژەوەندی کەوتە مەترسیەوە ئەوپەڕی پەنا ئەباتە بەر فاشیەت بۆ سەرکوتکردنی هەموو

پارت و ڕێکخراوەکانی تر ...

ئیتر بە هیوای کارکردن و زیاتر خۆ پەروەردە کردن بەرەو ئامانجە پیرۆزەکانمان.

کەرتی شەهید ملا علی

١٩٨١/٦/٩

گرنگیداتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ڕێکخستن و پێشمەرگەکانی و لە دوای شەهید بوونیان، بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوەکانیان کۆمیتە و کەرتەکانیان بە ناوەوە ناو ناون.

وەرشەی سۆسیالیستی و [illegible] پێشکەوتن لە چوونەوە و خۆبادان بۆ دواوە بە بیاری خەڵکی تانو باو لە ئەخشتە بردنی چینە چەوساوەو ژێر دەستەکانی کە بە هێنانی خۆیان لە سەر [illegible] هێز و بازووی پرۆلیتاریا بە دەست دەشێن . هەموو پاشیلە تەنیا ئەتوانێ نوێنەری چینێکی دیاری کراو بێت لە سەر بنچینەی پارتەکانی خۆیان ، ئیتر هیچ پاشیلەیەک ناتوانێ ببێتە دەنگ داستانی نوێنەری هەموو چینەکانی کۆمەڵ ، ئەگەر واشی خۆی لە قەڵەم بدا مانای وایە کە بوونی ناکۆکی (تناقض) ڕەتکات ، ناکۆکیش دیاردەیەکی سروشتیە لە ناو کۆمەڵدا لە دنیای [illegible] چینەکانەوە دروستیا ، ناکۆکیش لە نێوان دوو چینە [illegible] (پرۆلیتاریا و بورژوا) هەر کۆمەڵگایەکدا دابێت ناکۆکیەکی دوژمنانە بە و ئەبێت لە ڕێگای [illegible] شۆڕشگێڕیەوە چارەسەر بکرێت ، لەبەر ئەوە بە بڕوای من گەشتی [illegible] لە لایەن هەر پارتێکی پرۆلیتاریەوە بێت [illegible] لینین دەڵێ "دیموکراسی بورژوازی دیموکراسیەتی [illegible] لە [illegible] هەزارەکانی دیموکراسی بورژوازی [illegible] ."

[illegible] بورژوازی با [illegible] پارت و ڕێکخراوەکانی [illegible] بە [illegible] ئەوەیە [illegible] ، ئیتر [illegible] هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی تر [illegible] .

ئیتر بە هیوای ئەوەی [illegible] زیاتر [illegible] بەرەو ئاکامە پیرۆزەکانمان .

[illegible] شەهید مەلا عەلی

٩ / ٦ / ١٩٨١

شەهید

مەلا عەلی

دیوانی
شەهید مەلا عەلی

١

بۆ برای زیندانیم[1]

برای زیندانیی دووره دیدارم
ئاخ بۆ بینینت دڵ پڕ جەغارم
تۆ له زیندانا بێ ئاگای له من
تۆی له من دوور کرد خوێن خۆری دوژمن
خۆزگه پاش مردن بمدیبایەوه
تۆڵەی ئەم دووریەم بکردایەوه
به شێوه و رەفتار هەر له یەک ئەچووین
هەروەک گیانێک بووین له دوو لەشدا بووین
نازانم دوای من چی بەسەر تۆ دێ!

دێتە بەرچاوت یادگاری دێ

دڵت دێتە جۆش وەکو من، چۆن بووم

کە لەدووری تۆ لە هۆش خۆم ئەچووم!

چەند جارێ (ئاسۆ)[٢]م ماچ کرد لە جیاتیت

لە ڕوویا دیار بوو نیشانەی ماتیت..

(شیرین، شنۆ گیان، ڕوحەکەم ئاسۆ)

سڵاو بۆ خزمان بۆ هەمووان بۆ تۆ

من بە قوربانی باب و باپیرت،

پێشمەرگە بە تا حەڵاڵ بێ شیرت

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
تەمووزی ١٩٧٩

٢

یادێکی کوردستان

هاتەوە یادم شەوێکی قەندیل
هێنایە گریان دڵەی مات و دیل
ئەو دەستەی لەوێ بەفراو ئەیتەزاند
داخ کراوە لێرە بە ئاگر و ژیل

بە دەم ڕێگاوە بە نوکتە بازی
پیشانمان ئەدا وەزعی نارازی
ئەمان ئەزانی، چۆن ئەبڕێ وازوو
ڕێ ی دووری بەرەو لوتکەی هەورازی

سەرما و هەورازی قەندیل پیرۆز بێ
هەموو ئومێدتان هەر بە نەورۆز بێ
فەرامۆش ئەبێ ئەو کاتە هەرچی
ڕۆژێکی زستان سەخت و ئاڵۆز بێ

قەندیل، کوێستانی دڵگیری وڵات
هەر هەتاکو-ئاب داڵدەتان ئەدات
ئیتر ئەواری داڵدە نامێنێ و،
ئارای زیوینی نوێ ئەکری خەڵات

دوایش جریوە و بەفراوی بەهار
ئەسڕێ لە دڵان ئەمی ڕۆژگار
ئەدرێ لە بەریا بەرگی وەرزی کۆن
ئەیگۆڕێتەوە بە شاڵی گوڵدار!

چەندەش ماندوو بن ئەحەسێنەوە
مادام بە ئازاد سەرئەنێنەوە
مادام بە ویست و ئارەزووی خۆتان
دەستتان بە چەکی تۆڵە سێنەوە

خۆزگە منیش هەر لەوێ مابایەم
پەکەکەم بەس بوو لە جێ ی سەرمایەم
رانابرێ تەمەن لەم گەرمە سێرە
چونکە پەروەردەی ئەو بێ سەرمایەم

هاتەوە یادم شەوێکی – سارا–(٣)
لە نێو کەژاوەی وەرزی بەهارا
چیمەن رازەر و، ئاسمانی شینی
پڕ لە ئەستێرەش، دەسماڵ و تارا

وەک ڕازانەوەی ئاڵ و واڵای بووک
لەناو ئامێزیا لەشم ئەبوو سووک
چۆن بەسەر بووکا نوقڵ ئەباری
بە ئێمەش ئەبڕا نوقڵی بەلاڵوک

کانی بەفراوی پڕ لە ڕێخ و چەو
ئەفسوونی ئەڕشت لەبەر مانگە شەو
ئشەی دار مازووی بەر شنەی فێنک
چیەی دوانی بوو لە بێ ژوانی ئەو

جریوەی مەلی لانە لێ وون بوو
شمشاڵی شوانی شیعری (هێمن) بوو
داری بێ لانەی شەوی ڕابووردووی
بێ لانەیەکی تری لە بن بوو

شەو ئێشکچی بووم لەگەڵ هاوڕێ یەک
لە شوێنێکی بەرز لە بن هەرمێ یەک
خەیاڵی خاویش، خولیا و خەریکی–
گەڕانی خۆی بوو، بۆ هەموو جێ یەک

جارێک پەپوولە و، جارێکیش هەڵ بوو
جارێک پشت کۆم و دەست کوڵ و شەل بوو
جارێک فیشەکی ناو لوولەی چەکی
پارتیزانێک بوو، چاوەڕێ ی هەل بوو

جارێک بە هەوای هەناسە ئەبزووت
جارێک بێ کرتوو وەک کێوی- بزووت[٤]
جارێک سەهۆڵی چۆراوکەی دۆڵی
کوێستان و، جارێک پشکۆی سەرە بزووت

هێندە خێرا بووماڵی نەشێوێ
ئەو ناوە کەرا هەتا پارشێوێ
وەکو تەتەرێک (ئۆرکان)ی پێ بێ
لە قەندیلەوە بۆ -- سارا-- و -- رێوێ--[٤]

جارێک بە پیادە و، جارێک بە سواری
رێ ی سەرەو ژوورو، رێ ی بەرەو خواری
ئالان و پشدەر-- ئەگەڕاو هەموو
کۆمی چەم و زێ ببوونە بواری

ئەو ریزە شاخە تا – پیرەمەگرون–
کە پێستی سەری داگیرکەر ئەگرون
پێیان لە شەختەی سەهۆڵ ئەترازێ و
لاشەیان ئەبێ هەپروون بە هەپروون

بۆ کەشتی ئەیاڵ ببوونە بەندەر
بۆ کەشتی ساڵێک لێ ی ئەفست لەنگەر
جارێک ئەبوونە بێ هەواری قیڵ
جارێک ئەبوونە بنکە و بێ ی سەنگەر

جارێک خەیاڵی هەتیوی بێ کراس
یان پێ تەزیوی، مل ڕووتی-- پێ خواس
جارێک خەیاڵی باوەشێنی دڵ
بونە هەوێنی ڕاز و باس و خواس

دوور و نزیک و، (ئاسمان و ڕێسمان)
بوونە ئان و پۆی پەخشانی باسمان
مانگ و ئەستێرە ئەرژانە ناوی--
دوکان-- و، ماسی ئەچوونە ئاسمان

بە ڕووی — دوکان— و، بە ڕووی — سورداشا—
لەو جێ بەرزەوە ئەمکرد تەماشا
ئەو کەلا سەوزەی، سایەی سەرم بوو
ئەم لەگۆڕیەوە بە تاجی پاشا...

خۆزگە ئەمردم ئەوسا لەو کێوە
چەکەکەم ئەیبرد یەکێک لە ئێوە
وا ئێستا چەک و نیشەکدانەکەم
نازانم لە کوێ، بەشانی کێوە

هاتەوە یادم شەوێکی –قۆپی–[٨]
چرا تۆری کوند و، قەرەداغ کلۆپی
بۆ سوتمەی ڕەشی شەو کۆبەرۆکی
زەماوەندێک بوون، قۆپی سەرچۆپی

لە زمناکۆ– وە هەتا– بەرانان–
بە ڕەشبەڵەک و لەنجە و خۆرانان
ئەدرەوشایەوە (لالا) و لۆکس و
کارەبای نشتی سابات و بانان

ئەو شار و گوندو، ئەو شاخ و هەردە
لە –باسەرە– وە هەتا– گڵەزەردە–
هێمنی باڵی بەسەر کێشابوو
وەک بووکی شەرمن چووبێتە پەردە

خورەی کانیاویش لەو بەرەو خوارە
لێم بوونە خرمەی کرمەک و گوارە
لەدەستی (دۆ)دا هێندە خەیاڵم–
هەڵپەڕی، ئێستاش هەناسەم سوارە

کەڵامێو، بوونە ڕستی (لاکیرە)
لاولاویش بوونە ملوانکەی (لیرە)
ئەوەندەم لەوێ تەماشا کردن
لێرەش بابەتی ڕاگاوی بیرە

ئاسمان ئاوێنەی پێش کەژاوە بوو
سامالێکی بێ، هەور و ژاوە بوو
بەلام ئاسمان و زەوی ئەندێشەم
شانۆی نواندنی سەد ئاژاوە بوو

لە دڵما تۆوی چەند بیرەوەری
سەوز بوو، گوڵی کردو، هەڵوەری
دیسان بۆ وەرزی تازە تۆوی ڕشت
تا، بێ گوڵ نەبێ بۆ کوێرەوەری

لەو جێ ڕەشماڵ و، هۆبەو هەوارە
لووت بە بۆن کەوت و، چاو بە شەوارە
بۆیە تائێستاش ناتوانم باسی
تەواو بنووسم، دەست کوڵەوارە

تاوێ گوێم ئەگرت لە رادیۆی ئێران

-ئێرانی ئێستا- ئاڵۆزی، وێران

تاوێ بەستەیەک لەسەر لێوم بوو

بە ئاستەم ئەمووت لەبەر نەوێران

ئەترسام کەسێک گوێی لە دەنگم بێ

بێت و ئاوێزەی گراوی شەنگم بێ

لەو شوێنەی شەوێ شایی سروشت بوو

بەیانی لەگەڵ دوژمن جەنگم بێ

دەستی هاورێ یەک ناکاتە دەستم
خۆشم بەتەنیا نەتوانم، هەستم
بەو ئەرکە وپەکی فرمانم کەوێ
نەکاتە ئەنجام وەک خۆی: مەبەستم

خەیاڵ، کەلێ جێی ئاوا کردەوە
گرەوی لە بزەی ساوا بردەوە
چی لە مردن کەم دەرفەتم نادا
نەخشەی خەیاڵم بینە کردەوە

بەتەنیا شەوم ئاوا بردە سەر
کۆڵەکەم دانا، سەرم کردە سەر
خۆزگە ئەمردم لەوێ تا بۆتان
نەبوومایە هۆی ئێش و دەردی سەر

لەوێ ئەمردم، ئەنێژرام و بەس
ئیتر نەدەهات بۆ دیدەنیم کەس
باوک و دایکی (خۆشی نەچێشتوو)
وانەدەبوونە خەڵوز و قەقنەس

ئێستا کەوتومە ئەم شوێنە تەنگە
ڕاخەرم خارو سەرینم سەنگە
پەی، بە ڕۆژگاری ئاینده نابەم
ئەپرسم، ئەژیم؟ کەس ناڵێ ڕەنگە

ئەمڕۆ لێرەم و سبەی لە گۆڕێ
چش با ناویشم نەیەتە کۆڕێ
من بەڵێنی خۆم هەر ئەبەمە سەر
ڕێبازم لەناو گۆڕیش نەگۆڕێ

قەندیل – وسارا– و قۆپی– ڕەنگینم
سامان وتاج و تەخت و نگینم
بۆ سەربەخۆیی گەل بوو، خەبات و
لەگەڵ ئارەزووی خۆما جەنگینم

گەرچی وەک ماسی دەریا لە تۆڕا
دیار نیم لە هیچ کەس مەگەر لە تۆڕا
بەڵام ئاسوودەی ئەوەم، باوەڕم
بەسەد ئەشکەنجە و، تەفرە نەدۆڕا

من ئەڕۆم و تا ئێوەش بمێنن
هەزاری وەک من دەستە و دامێنن
ببنە سەربازی سەر لە پێناوتان
بۆ ئەوەی بۆ گیان بەخشین دامێنن

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/٨

٣

ژیان (٣)

ژینم وەک خەوێ هاتە پێش چاوی
کوردستان تێر تێر نەژیام لە ناوی
نەژیام خزمەتێ بکەم هەتا هەم
تێشوی بۆ شۆڕش تیا بێنمە بەرهەم
نەژیام تا درکێک وەلا نێم لە ڕێ ی
هاوڕێ ی پێشمەرگەم زامار نەبێ پێ ی
نەژیام خزمەتێک بۆ گەل تۆمار کەم
ڕووم بێ! ڕوو بەرەو ئاڵای کرێکار کەم
نەژیام هێند بکەم پێشمەرگایەتی

برا شەرم نەکا: بڵێن: برایەتی
لە ژیام ئەو کەسەی وەک منەو، دیلە
ئازاد بێ و بڵێ: برام لە قەندیلە
لەچمە دیدەنی لەو جێ هەوارە
کە بنکەی سووری هیوای هەژارە
کە زانکۆی شەڕی پێشمەرگانەیە
رەمی ئاراستەی رووی بێگانەیە
لە ژیام بێتەوە، بچمە سەردانی
پێکەوە بچینە نێو ئاوەدانی

کۆڕی گفتوگۆی هەر وەکو باران
ببەستین لەگەڵ خەڵکی، ئێواران
بەتێری باسی ئەم زوڵم و زۆرە
شی بکەینەوە بۆیان بە نۆرە
نەژیام کوڕپەیەک ناو بنێم – تۆڵە–(۷)
بڕواتە شوێنم با نەڵێن: چۆڵە
نەژیام برازایەک، ناوبنێم ژیلوان(۸)
تا نەڵێن، کەردوون بۆ پیاو کوژی لوان
برازا تەمێ کا بە مەرگی مامی

ئاو نەدرا بە خوێنی ڕەگی نەمامی

ئەژیام بۆ خەڵکی بیمە بێ ی برواـ

نەڵێن بێ سوود بوو، چش- دەبا بروا

ئەژیام بۆ نەوەی نوێ، ڕێ تەخت کەم

نەک جارێ سەد جار گیانم بەخت کەم

ئەژیم بۆ مردن، بمرم پیاوانە

مەرگم ببێتە یەک دەریا، وانە

دوای

ئەژیام تا نەوەی تازە ببینم

بۆیان هەڵرێژم، چی تیایە.بینم

تا هەموو هەستی پەنگ خواردوی دەروون
دەربڕم و، بانگم بکاتە کەردوون
بیدا لە ژێ ی کوێ ی هەموو جەماوەر
پارتیزانانە، ببنە جەنگاوەر..
خەباتی سەختی – کۆمەڵە– و کەڵکی
ببێتە ئەزموون بۆ هەموو خەڵکی
هەر لە خۆرهەڵات، هەتا خۆرئاوا
بڵێن نموونەی کاری ئاوا،
کەم و پوختە بێ، نەک بۆرو، گەلێک بێ

لەگەڵ کاروانی هەرچی گەلێک بێ
ئەشێ بکرێتە سەر مەشقی خەبات
هۆی ڕزگاری بێ، بۆ گەل و وڵات
نەژیام بەو ئەرکەی سەرشانم هەستم
بێتە دی هەموو خۆزگە و مەبەستم
بۆ هێنانە دی ئەوانە ئەمرم
بۆیە داوێنی کوردستان ئەگرم:
بمخاتە ڕیزی مەردانی ئازا
ئارەزووم وا بوو، بەڵام نەسازا

ئەم ویست خزمەتی وڵات پیشەم بێ

ئاڵای سوور بووکی نوێ ی هەمیشەم بێ

چی بکەم.. نەخشەکەم سردن تێکی دا

دوژمن خوێنەکەم وا لە پێکی دا

بەڵێ پێ ی وایە لەناوم ئەبا

نازانێ بەرەو هەتاوم ئەبا

بەرەو خۆر، بازووم پێ هەڵ ئەماڵێ

ئەبمە رووناکی بۆ هەموو ماڵێ

چەند رۆژێکی تر بەرەو سێدارە

ئەبڕێم و ئەمرم، گیانیش بێدارە
بۆیە کە دوژمن لێم ببێ بە دێو
پاڕانەوەم لێ ی نایەتە سەر لێو
زامی ئەشکەنجە و، بەند و کۆت و پەت
سەرم بۆ دوژمن نەوی ناکا قەت
مەردانە پێکی مردن ئەکەم نۆش
پێش لە من، سەری هاوڕێیانم خۆش
بەلام کە ئەمویست نەمرم بە گەنجی
کوردستان ئەیوت، پێویستمە ڕەنجی

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٧/١٥

٤

(٤) بۆ ئازیزەکەم

کە ڕێیان داوی بۆ یەک جار
توخوا ئازیز
دیدەنیم کە
چەند ڕۆژێکم وەرزی بەهار
ماوە، (بێ وادە) هات پاییز
خەرەڵوەرە
توخوا وەرە..
دیدەنیم کە:
با وا تێ نەگەن کە دەرنی

سورە گوڵی
گەشی دوێنێی—
سەردوا چڵی
ئەمڕۆ لەبەر زریان زەردی—
بەرەو مەرگ چوونە ئەمگا زیز... تۆ ئەنیم کە
ئازیز گیان... ئەگەر تۆ ڕازیت
خوێنم ئەڕێژمە دێراوی
بە ڕێحانە و گوڵ چێنراوی
دەورو بەری ڕێ ی پێشوازیت

ئاریز گیان.. کە ئارەزووت
بۆ کام گوڵەی زۆر جوانە، بزووت
کە مەیلی دڵ
شوێنێکی کردە باخی گوڵ
ئێسقانم ئەکەم بە ـ کود ـ و
بە دێراوی گوڵشەنیم کە
توخوا ئاریز وا هاوڕێیان
بۆ سەرەی مەرگ هاتن بە ڕیز
هەر منیان لێ بەجێ ماوم

هەتا ماوم،
بفەرموو، جێتە سەرچاوم
لە ڕێ ی هاتنت وەستاوم
دیدەنیم کە
گەر نەفەرمووی... خوێنم هەمووی
گوڵزاری ڕێتە، موو بە مووی
ئەبمە قوربانی لە پێشت
بۆ تێ هەڵسوونی بەر پێشت
خاوەن گلێنەی دیدەنیم، کە:

تا ئەمرم لە ژوور سەرم بێ
بۆ دڵداری ڕابەرم بێ، ڕێ نوێنیم کە...
توخوا ئازیز، تۆ ئەزانی چۆنە شوێنم[٩]
ئەزانی بێ بەرگ و نوێنم..
بێچارەم و، بەشەرمەوە، تۆ ئەدوێنم
بێ ی بۆ بژاری پووش و خاری
نێو گوڵزاری زامی خوێناوی دژوێنم
بە هاتنت، باڕۆشن بێ دەورو بەرم
ئاڵاوتنت هۆنراوە بێ، بێتە بەرم

سەرپۆشەکەت، پێش کفن بکرێتە بەرم
وەرەپارێ: شەوتێوونی و، ڕۆژ نەوالووی
بێ نوێنێیم کە
نازیز گیان تۆ بێ و کوڵی ڕووت
بە پێ ی پەتی...
قوڵفەی پەتی
سێدارە ئەخرێتە بینم
ئەمرم و، تەیا نەتبینم
نەت بینم هەر بڵێم: خواحافیز

تونوا ئازیز

وا ئاڵ ناسک نەبووم هەرگیز

دیدەنیم کە .....!!

زیندانی موسڵ

بەشی سێدارە

١٩٧٩/٧/٢١

٥

ژووری سێدارە

برا دوور و خزم دوور کەسم دوور
بە نابەڵەد تەمەن ئەمبا بەرەو ژوور
بەڵام ڕوونە، بەرەو سێدارە چوونە
ئەنەی خوێنم لە پێ ئەگرێ : ئاڵای سوور

بەرەو ژووری، بەرەو ژووری سێدارە
ماندووی کردووم و شوێنەکەم شێدارە
کە نیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم
ئەوە برینی ئەشکەنجەیەو، بێ دارە

ئەڵێن: ئەمرێ و، لە ترسی مردن پەشێوە
پێشمەرگە بم هەر ئەکەومە پێش ئێوە
بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسوودەم
رووشم، زەردەی پێکەنینی هەر پێوە

گەرچی بەرەو دوامالی ژین بەرێوەم
یەکەم مالی نەمردن دیارە لێوەم
بەشم چونکە مردنی ناو جێ نی یە
شادم کە تا دوا هەناسەش بە پێوەم

مەرگی ئاوا ئاگۆڕمەوە بە سەد ژین
ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بە پەرژین
سەربەرزی یە کە پێڵاوم ئەبینن
بەسەر سەری دوژمنەوە لە پەرژین

پێ لەسەریان دائەنێم و ئەڕوانم،
بەرەو شاری بێ هەواری کاروانم
ئەکەم پێیان، چونکە دیارە جێ پێیان
ئێرەیە و لێ ی لانادەم تا ئەتوانم

ئەوا ئێستا کەوتوومە شوێنی پێشڕەوێک[١٠]
کە لێرە بوە لە پێش مندا چەند شەوێک
دیارە منیش هەر ئەوەندەی لێ ئەبم
وا بە نوێنی ئەو ئەشکێنم سەرخەوێک

خۆ بە نوێنی جێماوی دا ئەپۆشم
تا پێ ی سووک بێ، ئێشی لاشەی نەخۆشم
بۆتە بەڵگەی بە شوێنی ئەودا ڕۆشتنم
ئاخۆ کێ ی تر پێ ی دێتە شوێنی خۆشم!

دیسان ڕێگای شوێنی کەم لە پێشە
ڕێ ی کوردستان،[١١] کە دڵنیام ئەو لە وێشە
ئەگەر لاشەم نەشێ ببڕێتە شوێنی
گیانم لەسەر کۆڵی سەر کۆڕی مێشە

کە دڵنیام ئەچێتە جێ ی شانازی
لەو ڕێیەدا منیش ئەکەم گیانبازی
کە ئەو توێڵی تەڵاتی ڕێ ی ئەباتە
توێڵی منیش ئەنەخشێنێ ڕێبازی

ئەو مەرگەی لێم ترساوە، لەبیلاوێنم
بۆ ناوێری بێت و، بگرێ داوێنم!
با بمناسێ کە پێشمەرگەی – کۆمەڵە – و
کادرێکی دەست و داوێن خاوێنم

کە پاش مردن هەبوو دنیایەکی نوێ
تا ئەو کاتە با گیانیشم تێر بنوێ
چونکە ڕۆژی هەستانەوە دەرفەتی
فرمانێکی وەک ئێستام هەر بۆ ئەلوێ

لەو دنیایەش هەر پێشمەرگەو، کادرم
کە هیچ نەبێ لەوەی ئێستا چاترم
لێرە خاوەن ئەزموونی ڕێ ی خەباتم
لەوێ لە نێو کوورەی شۆرش ئاگرم

ئەگەر لێرە نەمتوانیبێ بجەنگم
لەوێ بەدەست هاوڕێیەکەوە تفەنگم
ئەگەر لێرە بەجێ مابم لە کاروان
لەوێ لە پێش کاروانەوە پێشەنگم

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/١٨

٦

قوربانی (٦)

هەموو مانگی ساڵ بوونە نەورۆزەیران[١٢]
هەموو وەرز بوون بە وەرزی خەزان
کام گەلی دنیا وەک کورد بێ بەشە
بەرگ و کاڵایان سەرتاپا ڕەشە!
هیچ ماڵێک نیە بێ قوربانی بێ،
ساتێکی ژینی شادمانی بێ
پیرو لاو هەموو لە ڕێ ی نیشتمان
بە شیان کوشتنە و لە سێدارەدان
کەوابێ بۆچی ژین لام شیرین بێ!

دڵ پڕ لە کوڵ و، چاو پڕ ئەسرین بێ
ئێستا ژینی خۆم هێند لا هەرزانە
سەد جار قوربانی ئەم کوردستانە
قوربانی پێنی چەوساوەی ئەکەم
کورد بە ملیۆنی وەک من نابێ، کەم

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/٢

٧

ئەوین و وەفاو دڵسۆزی و پەیمان
لەگەڵ خۆم ئەوا هەمووم لە گۆڕنان
چاوەڕوانیشم[١٣] زۆر بەڕێ کردن
هەزاران خۆزگەم لەگەڵ خۆم مردن
لێم ون بوون شیعر و وێنە و یادگار[١٤]
وەک خۆمیان لێ هات بە دەستی ڕۆژگار
ئەوەی لە پاشی خۆم بە جێ ماون
چەند کاسێتێکی تۆمار کراون
(مامڵێ و شارۆفی و زیرەک و دیلان)

ئێستا بیستنیان مەنعە لە دیلان
وەفا داریانم ئێستاش لە زیندان،
خۆزگە لە پاش خۆم بە (ئەحمەد) ئەدران

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/١٠

٨

پاییز (٨)

ئێستا ئومێدم هێندە لاوازە
ناتوانم بڵێم : دەمێنم تازە
مردووم و نانی زیندوان ئەخۆم
تازە ناتبینم، ئازیزەکەی خۆم
دوێ شەو لە خەوما، دوور بێ لە باڵات
لێت نزیک ئەبووم تا ماچ کەم گۆنات
ئەڵێن لە خەودا کەسێکی زیندوو
هەڵسێ و دانیشێ لە گەڵیا مردوو
نیشانەی سەرە مەرگی لێ دیارە
بۆیە لە مەرگت ترسام ئەمجارە

مەگەر هەر بە خەو تۆم ماچ کردبێ
دەستم بۆ مینە و مەمکت بردبێ
بە تاسەوە بووم بتگرمە باوەش،
نەمدی، وا ئەمرم، پاشی من تۆ خۆش
من تۆم لەبەر خۆم خۆش نەویستووە
کەسیش ئەم (راز)ەی لێم نەبیستووە
ئێستاش ئەم رازە کە ئەدرکێنم
ویژدانی ماتی خۆمە ئەیدوێنم

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/١٠

٩

بە خێوتان کردم[١٥]

بە خێوتان کردم هۆ: بابە و، دایە
ویژدانم لە ژێر قەرزتان دایە
وا مداری ئێوەم بۆیە لە تاوان
پێم وایە ئێستەم ئەکرۆژێ تاوان
تاوانی ئەوەی لە پێناوی من
ڕێتان کەوتۆتە بەر ماڵی دوژمن
تاوانی ئەوەی بۆم نەلوا دەرفەت
لابەم لەسەرتان ئازاری خەفەت
قەرزی وڵات و گەلم دایەوە

بەڵام هی ئێوەم لەسەر مایەوە
خاڵ و خوشکەزا، ئامۆژن و مام
خوشک و برازا، براژن و برام
دۆست و دراوسێ، برادەر و هاورێ
ئەوەی جارێک دیم لە دوو هەنگاو رێ
پورزاو، خاڵۆژن، ئامۆزام و، پور
خزم و کەس و کار، لە نزیک و دوور
ئەرۆم پێشوازی لە مردن ئەکەم
لە ئێوەش داوای لێ بوردن ئەکەم

لە دڵ ڕەنیانی ئێوە ئەترسام
دەنا بێ ساڵ بووم، لە مەرگی بەسام
ئاواتە خواز بووم لە دوای ڕۆژی ڕەش
بووکی ئازادی بگرمە باوەش..
بچمە سەر لوتکەی بەرزی حەساروێست
بانگ بدەم بە گوێ ی خزم و برا و دۆست
کەم خواست و خۆزگەم گەیشتە ئەنجام
هێشتا لە ڕۆژی هیوا نەڕەنجام
هەر بە ماندوویی ماوم تا ئێستا

لە ڕێ ی چاکە بووم سوێند بە گاوێستا
ئەوەی چاکە بوو لە ژینا کردم
هەر بە سەربەرزی ژیام و مردم
وەسیەتم وایە هەتا بمێنن
لە خۆتانەوە کەس مەرەنجێنن
پرسەم بۆ مەگرن نەکەن بۆم بگرین
هەلێن با تورێ بۆ لەسەر بگرین
کریان کردەوەی بێ دەسەلاتە
(تورەیی شۆرش) خەندەی وولاتە

دەرمانی دەردم ناکا شۆڕ و شین
چۆن ڕزگار ئەبین بەبێ (شۆڕ) و (ش)
لە بری بەرگی ڕەش سەرتاپا (خاکی)
لەبەر کەن هەتا نامێنێ ماکی
ئیمپریالیزم و بازرگانی جەنگ
دەرئەپەڕێنن بە لوولەی تفەنگ
وولات جێ دێڵن دوژمنانی کەل
نوری ئازادی هەڵدێ لە دەم کەل

کاتێ وڵاتی لە خوێنا ڕەنگاو
ڕزگاری ئەبێ هەنگا و بە هەنگاو
زانست و بیرو پێنوس و مەچەک،
شەن و پاچ و بێڵ، چەکوش وداس و چەک
بۆ گەل بێ، پیر و مناڵ و، گەنجی
خۆشی گیانی کات بەرهەمی ڕەنجی
تا ئەوسا ناوی ئێمەش ئەمێنێ
پەیکەرمان خەڵکی ی تێ ڕائەمێنێ
تا بە زیندوویی لەم سەر خاکە بێ

وەسیەتم وایە ڕوو لە چاکە بن
سەر ئەنجامی ژین تەنها مردنە
ئەوەی زیندوو بێ، چاکە کردنە

هيئة التحقيقية الخاصة
كركوك
١٩٧٩/٢/١

١٠

کوردستان

ژینم وەک ئەوێ هاتە پێش چاوی
کوردستان تێر تێر نە ژیام لە ناوی
پێ ی دا بگەڕێم بێ کۆسپ و سنور
بە ڕاست و چەپ دا و بەرەو خوار و ژوور
ئێستا بە خەیاڵ دێمە سەیرانی(١٦)
ئاخۆ چ ڕۆژێک دێمە سەیوانی
کامە ترۆپکەی سپی و بەرز بوو
کامە بەندەنی سەخت و سەوز بوو
کام مێرغوزاری تەڕ و پاراو بوو

کام ڕۆژ ئاسمانی شین و هەساو بوو
کەر تا هەتایەش لە پێش چاو نەبێ
ئاسەی سەرنبیان هەر نایەن لە بێ
دەمی کۆتایی وەرزی هاوینێ
کە (کوڵە جوێرە) سەری دەردێنێ
دیسان ژینەوەی گیای وەرزی پاییز
مژدە دەداتە دڵی پەست و ڕیز
تیشکی هەتاوی پاش پەلە باران
وە ڕەنگ دەهێنێ پەل و پۆی داران

تا دەمی پاییز (کیڤار و ئەستێر)[١٧]
لە کوێستان سەوزن (سا یادیان بەخێر)
زستان ڕەهێڵە و باران و بەفر
دەسرێ تۆزی ڕێ ی ڕەشماڵ و کەپر
خۆزگە ئەتوازن گەنج بە ڕابردوو
بە چیەی دوانی ژوانی دوو بە دوو
گەنج پەکو پەکوی ڕابوردوویانە
کە نای بینینەوە ئاخ و ئۆفیانە
دێتەوە یادیان پۆلی نازداران

لە پێش تاوڵی بوون، دەمی ئێواران
چاو بە ئیشارەت، دەم بە پێکەنین
لە پەری جوانتر، هەرچەندەکەنین
ئاخ پایز وادێ وەرزی مردنە
وەرزی جودایی و پەنا بردنە
مەرگی سەوزە گیا، هی گوڵ و گوڵزار
کاتی زەرد بوونی گەڵا و گوڵی دار
بە درێژی وەرزی زستان سەرانسەر
سەد نائومێدی سەقتت دێتە بەر

هەتاکو بەهار دەگەڕێتەوە
لاپەڕەیەکی یاد ئەکرێتەوە
بەهار لەشکری هەور و لێشاوی
کە پڕ لە دانە، تێکرای هەناوی
نیشانەی زستان پاک ئەشواتەوە
پیشی تورەیی چاک ئەخواتەوە
کوڵە چاجیلە، هێرۆ، نەستەرەن
مێلاقە، شلێر، شەقایق، سەوسەن
شەوبۆ، وەنەوشە، خاتوونە، نەسرین

لە ڕەنگی ئاڵ و، سەوز و زەرد و شین
هەڵزو گیابەند و کەنێرەو کەما
بە شنەی فێنک دەکەونە سەما
لەگەڵ گیای ناسک وەکو دلداران
لەیەک دەئاڵێن هەموو بەهاران
کە پلوسکی گەورەی بەفراو ئەبینی
گەرەکتە دەمت بخەیتە بینی
لەسەر لوتکەی ڕاز دەڕژێتە خوارێ
دەیکەنە گرمە و، هاژە بە جارێ

لەعل و مرواری، لەوان دەڕژێ
ئەفسوونی جوانی لەوان هەڵدەڕژێ
دەبێتە بازنەی حەوت ڕەنگی بەر خۆر
دەرازێتەوە سروشت هەمە جۆر
لە دەم ئاوەڕۆی ئەو نشێوانە
جوانی بێ ڕادە و چەند و پێوانە
بەر ڕۆژ و نسێ و هەوراز و نەوی
بەرزی ئاسمان و ڕووبەری زەوی
هەستی هۆنەر و دەستی هونەرمەند

ناتوانێ دەری بیرێ چۆن وچەند
بۆ وەرە سەیری پۆلی ڕەشماڵان
هاتوونەتەوە ێیگاکەی ساڵان
پیرۆز و خونچە و نەشمیل و ئەستێ
یەک مەر ئەدۆشێ یەک ڕائەوەستێ
زارا و نەسرین و بەهار و کاڵێ
یەک بەرە و کاتێ یەک بەرە و ماڵێ
کیژی چاو مەستی ئەو هەوارانەن
فریشتەی ئاشتی ئەو کۆسارانەن

شەیدای شمشاڵی سەر بەردە بێرن
هەقیانە چونکە بەو جۆرە فێرن
بەڵام هەزار ئاخ، هەزار هەزار ئاخ
ئەمساڵ کۆچەری نایەنە ئێلاخ
نایەنە میوانی ئەمساڵی بنار
بێ ڕووناکیە بێ ئەوان بەهار
چۆڵە هەواری تەنگی (سلێمانی)
هی (دۆڵە کۆکێ و، بەردە هەسانی)
هەواری (کوێژلێ و چواس و بێ دەلان)[١٨]

گەوەرە،زەڵێ، توژەڵە، قۆرغان)
هەموویان چۆڵن وێران کراون
بەزۆر بۆ دەشتی گەرمێن براون
ئاخ بۆ وولاتمان لێ دەشێوێنن؟
دێهات و باخمان بۆ دەسووتێنن!
وەدەرمان دەنێن لە خاکی خۆمان
ئێمەش وەسیەتەو، جێماوە بۆمان
کە سەر شۆڕ نەکەین لە ئاست داگیرکەر
ڕۆژێک دێ شەبەق دەیان کەینە دەر

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/٢٣

١-١

دەڵێ ی: لێم گەڕێ[١٩] تاوێ بسرەوم!
ماندووم، دەمەوێ کەمێک بخەوم!
بنوو خۆت باوێ ناو گێژی خەیاڵ
وەک چۆلەکەیەک بفڕە باڵە و باڵ
چی بەسەرهاتە بێتەوە بیرت
تا چاو دەبینێ و بڕ دەکا شیرت
تا باڵ ئەز دەکا و دێ بە دەستەوە
خۆت بدە بە دەم هەوای هەستەوە
بەشوێن پەپوولەی باڵ بریقەداری

ووشەدا بڕۆ هەتا بێداری
بە شوێن هەڵاڵەی کوڵی ئاسک دا
تەنانەت بە شوێن ڕەوی ئاسکدا
بە ووشەی جوان و تەعبیری بە تین
ڕستە داڕێژە، پاراو و شیرین
بە کێش و سەروا، دەسا ڕۆمانێ
هەر لەو خەیاڵەی دەیکەی، بۆم دانێ
تا لەبەری کەم وەکو فەرزی نوێژ
دەروونم پڕ بێ و بکا سەرە ڕێژ

پێت بە چاو دیوە لە ناوچەی (پشدەر)

کەناو، بێکەلاس، هەڵشۆ، سەنگەسەر

هێرۆ، باوژێ، بێشێر، بەستەستێن

ژاراوە، ڕەزگە، هەتا شارستێن

لەگەڵ خەیاڵم ئاوێزەن گیانە،

بیانکە ملوانکە، وەکو ڕەنگیانە

بیکاتە گەردن بە ژنی شۆڕەکەم

ڕۆژی هاتنی بۆ سەر گۆڕەکەم

کام کوندەی ئەڵێ ی، بەهەشت بوو بۆ تۆی

ئەوەی کە باشتر باسیان بکا، تۆی
چونکە پێت ووتم زۆر لێ ی گەڕاوم
ئێستاش وێنەیان دێنە بەرچاوم
چوومە شوێنەکەی بیرەوەری تۆ
ئاوەکە و مرەو بێناسەو هەڵشۆ
ئەو ڕۆژەی ڕێمان کەوتە– بێناسە–
ئەو ناسکە پەنجەی ئەتووت ڕێواسە
چای خستە بەردەم ئێوە لە پێشا
تا پێتان زانی دەستم بۆ کێشا

نان و هەنگوین و، دۆی ماردو، کەرە
خەیار و ترۆزی و، میوەی نۆبەرە
لەگەڵ نیو نیگای کیژی کەلەگەت
ووزەیان خستە نێو لاشەی شەکەت
مێخەک و جاترەو، ڕێحانە و، سێپەر
وەک بۆ ئێمەیان خستبنە سێبەر
هەنگی سەرقێی من و مێشی هەنگ
هەنگ بۆ هەڵاڵە و، من بۆ کچی شەنگ
ئەو لە دیێمەر بوو، لەبەر هەتاوا

من لە سێبەریش سووتام لە تاوا
(وەسوێنەوە، گیێرەوە، بادێن و، بێ هوش)[٢٠]
لێ ی تێکەڵ ئەبێ پاییز تەڕ و پووش
پاییزی ئێستا، بەهاری دوێنێ
خەیاڵی بەرەو گۆڕە ئەمدوێنێ
هێرۆ-شم دیوە، باڵێلان، بەکاو
مری، دەرونە، کوندی نزیک ئاو
یادی ئێوارەی — مرێ— و — دەرروونە-
ئێستاش ئاوازی نالەی دەرروونە

لە بیرتە – کاڵێ– و – ئارێز– و –پەخشان–
لە ڕێ ی کانی بوون گۆزە لەسەر شان
بۆ چاک و خۆشی ئێوە دەهاتن
ئەتووت شیرینی شەوی بەراتن
(..........) داوای تۆزێ ئاوی کرد
–کەلاوێژ– دەستی بۆ سەر چاوی برد
پاشان ئاویشی هێنا بۆ ئێمە
دیاری ئەو ڕۆژەی تا ئێستا پێمە
ئێستا تینوومە و ووشکە دەروونم

چاوەڕێ ی ئاوی دەستی خاتوونم
بیری (مرواری و ئامین و، گەوهەر)
خەندەیان ڕەی ڕەنگی گوێمە. هەر
لە یادم ناچن تەنانەت لیرە.
باسم بۆ ناکرێن لەم گەرمە سێرە
هەر تەنیا جارێک چوومە(لبانە)[21]
ڕووم کردە دەشتی پشدەر لەو یانە
مەکەر دێهاتی-ئالان- وەها بن
ئێستا وێران بوون. حەیف و مەنابن

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە

١٢

کوردستانم

کوردستانەکەم، کوردستانەکەم
بووکی یەک شەوە و دەسگیرانەکەم
ڕووت وەکو کەزی و پرچی ئاڵۆزە
بە چنگی ئەبات با بۆت شانەکەم

وێردی زمان و قیبلەگای منی
جوانتر لە نیگای کیژی شەرمنی
ئەوەی حەزی داتە لێت بێ بەش ئەبم
نابینم بڵێن شکا دوژمنی

ئاشبینم کە کورد وەکو میللەتان
ئاڵای سەربەستی هەڵکا لە جیهان
ناکۆکی نێوان چینان نەمێنێ
وەک یەکی لێ بێ لادێ و شارستان

دەنا دڵنیام دوژمنی بەشەر
ڕۆژی دێ ماکی لە بن بێتە دەر
خۆش گوزەرانی و زانست و جوانی
بەرگی بوکێنی ی وڵات بێ تا سەر

ئەی کوردستانی بێ داڵدە و پەنا
نەمامی ژینی منیش هەڵکەنا
چاو بە فرمێسکی ژێر دەستەیی تۆم
هێندە دەربەستی خۆم نایەم دەنا

ئەی کوردستانی مەڵبەندی کاوە
جێ ی داخە نەمدی ئاڵای شەکاوە
بەڵام ڕۆژێک دێ هێزی نەوەی نوێ
کۆشکی زۆرداری پێ هەڵتەکاوە!

زیندانی موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٦/٨

١٣

دەزگیرانم

دەزگیرانی بە بێماوی ژوانی چۆڵم
بەنەشتەری
بیری نائازادم کێوی
بێستونت بۆ هەڵ دەکۆڵم
دەزگیرانی وەک خۆم بەدبەخت و کلۆڵم
لە دەفتەری
دیوانی دیوانەی شەمی ئەم سەردەمە
هەر چیت بۆ بنوسرێ کەمە
بۆیە تێشووی هەموو تەمەن

بۆ مەلی خۆشخوانی چەمەن
لەبەر تۆ ئەبەستمە کۆڵم
دەزگیرانی پەری خەونی شەوان ڕازاوەی سەر قۆڵم
دڵ ژان ئەکا
چوون ئارەزووی جارێکی تری ژوان ئەکا.
چاو ئەبینێ، گوێ ئەبیستێ و لووت بۆن ئەکا
هەست و هۆشم
دیسان داوای گێڕانەوەی شریتی عومری کۆن ئەکا
ئەوەی لە ئاخما ئەبزوێ

نانوسرێ بە دەستی کوڵم
ئەمەوێ بە ووشەی ڕەنگین
ووشەی وورشەداری سەنگین
ڕازاوە و پڕ واتای بەتین
یەک دوو دێڕ شیعرت بۆ دانێم
خەم و ترسی،
ژوری سێدارە وەلا نێم
رووی خەیاڵم بکەمە تۆ
بێمە گفتو گۆ خۆ بە خۆ

بڵێم دە سوێندم بۆ بخۆ
کە هێلانەی دڵی کەیلت
بە تەنیا هەر منی تێدام
بۆ نازانی؟!
چەند لە دوای ئەو سوێندە گەرام
بەڵام شەرمی چاوی نەرمت
نەیهێشت تێ بکەم لە هەستی
دەروونی بە کوڵی گەرمت
نەدرکا ئەو رازە لەلام

ئەبهێشت بەو ڕازە زانیاوێ بەو
دڵی کۆیلەم بدەمەوە
هێندەی لە تۆ پاڕامەوە..
ئەت ووت بۆ هەر
گرێ ی شەرمم بکەمەوە
ئەت ووت تا سەر
بەسەر ئەبا شەوگارانی بە خەمەوە
من دێوانەم
تۆ ئەو شەمەی

ئەبەهێشت بەو ڕازە ڕاناوێ بەو
دڵی کۆیلەم بدەمەوە
هێندەی لە تۆ پاڕامەوە..
ئەت ووت بۆ هەر
گرێ ی شەرمم بکەمەوە
ئەت ووت تا سەر
بەسەر ئەبا شەوگارانی بە غەمەوە
من دێوانەم
تۆ ئەو شەمەی

کە کۆیلەی پەیوەندی باوی ئەم سەردەمەی
من دیلی تۆ
تۆ گیرۆدەی دەستی منی
من سەربەستم
تۆ ژێر دەستەی و شەرمنی
ئەوەندی ئازار ئەچێژی
ئەوەندەی ئەسرین ئەرێژی
ئەوەندەی ئازارت نۆشی
منت بێ بەش کرد لە خۆشی

تۆ لەبەر ئازاری شەرم

من لەبەر ئەوینی گەرم

تۆ لەبەر داب و نەریتی کوردەواری

من لەبەر زیندانی تەنگ و چوار دیواری

خوێن دەچۆڕێ لە جگەرم

من ماڵئاوا لە تۆ و لەخەم

لە تۆ و لە خەم

بەڵام بڕوات هەبێ بڕوا !!!...

ئەوینت بەر نادەم تاهەم

منیش بۆیە لاوانەوەم لەگەڵ تۆیە
راز و نیازم خۆ بە خۆیە
پەیمانیش ناشکێنم تا هەم
تا ئەوینم
رۆمانێک دێنێتە بەرهەم

موسڵ
بەشی سێدارە
١٩٧٩/٧/١٥

١٤

لەگەڵ خولانەوەی چەرخی زەمانە
بوو بە ئاگر لیم هەرچی هەمانە
ئاوێرم نزیک هیچ کامیان کەوم
لێم حەرام بووە خۆراک و خەوم
ساڵان بە تەمای خۆشی ژیان بووم
بەهیوای خۆشی گەل هاورێیان بووم
تەمام بوو کاتێ دەرچم لە زانکۆ
لە کوردستانا بکەم هاتوچۆ
بچمە دیدەنی شار و دێهاتی

شاد بم بە شادی گشت هاووڵاتی
تەمام بوو باوک و برا و خزمانم
ئەرکی هەموویان بخەمە سەر شانم
چاکەی ڕەنجدەران زۆریان دەمەوە
دەردی هەژاریان لە بیر بەرمەوە
بیان کەم بە خاوەن ماڵ و خۆشحاڵی
نەبینن چی تر ڕووت و ڕەجاڵی
ببمە خزمەتکار تا مردن بۆیان
ئەرکێ بەرمە سەر لە ژیانی بۆیان

وام دەهاتە بیر ساڵێ لە ساڵان
گوزەرانی ماڵ چاکەم وەک ماڵان
ئەوەی پەنا بێ بۆ منی دەربەدەر
تاکە ماڵەکەی برای بیروباوەر
پێم وایە دەمرم دوا دیدەنیمە
بەجێ دەمێنێ هەرچێ کە نیمە
ڕۆژێک دێ ئاسۆی ڕۆژهەڵاتی سوور
ڕووناکتر دەبێ و نزیک دەبێ دوور

مەلا عەلی
١٩٧٨ کاتی پێشمەرگایەتی

١٢٥

قەرزدارمان بن بەدکار و بەد خو
دایک و باوکتیان لێ کردم دوو روو
دڵیان لە ئاستم رەق بوو وەک ئاسن
شتی وایان ویست کە پەیدا نابن
منیش لەبەر دۆست لە داخی دوژمن
بەڵێنم پێ دان کە پەیدا دەبن
بەڵێنیان پێدام بەڵام لە پاشان
بەقسەی شۆقار لێم بوون پەشیمان
نەباوکت ژیر بوو نە خانەدان بوو

نە ڕەفتاریشی وەکو ئینسان بوو

بەڵام ڕەوشت و شێوەی جوانی تۆ

کە باس ناکرێ قەت بە گفتوگۆ

ناچاریان کردم پێ لە جەرگم نێم

باوکت بدوێنم کە تۆ بدا پێم

گۆنا شەکرە سێو زوڵف وەک چنوور

گەردن بریوی جوانی لە بلوور

دەم گوڵە باخی نەپشکوتوی سوور

لە کوێ دەتوانم وەسفت کەم لە دوور

تۆ بڵێی زولفت وەک جاران مابن
هەروا چین چین و لول راوەستابن
جوانترین شێوەت باڵاو بەژن بوو
جێی پێ نازینی تۆی شۆرە ژن بوو
ئێستاش کە یادم وەکو خۆی مابێ
بەیادم دوگمەت هەر گرێ دابێ
لەوساوە رازت لە من بڕاوە
کەشتی خەیاڵم نقوومی ئاوە
ئێستاش وا دەستم لە ژیان بەرداوە

هۆشم بە وێنەی کەزیت پلاوە
گیانە یەکجاری بە جێت دەهێڵم
تا هەتا بەدوای ڕازت دا وێڵم
دەمرم چاوەکەم ئەم مەخۆ تۆ خۆش
ئەمی لە من زیاد جێ ماوە بۆ تۆش

١٤-١٥/٧/١٩٧٩
شەهید مەلا عەلی/ زیندانی موسڵ/ بەشی سێدارە
لە هاوڕێی زیندانی (غازی فازل حەسەن) وەرگیراوە

وێنەکان

حسێن مەولود

پۆلی یەکەمی ناوەندی/ ساڵی ١٩٦٦

حسێن مەولود/ ساڵی ١٩٧١

حسێن مەولود

خوێندکاری قۆناغی دووی کۆلێژی ئاداب/ زانکۆی سلێمانی

حسێن مەولود

بەشی ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی

ڕۆژی (٣)ی نیسان ١٩٧٦ / باخی گشتی سلێمانی

لە ڕاستەوە

حسێن مەولود (شەهید مەلا عەلی)

ئەحمەد سالح

ئەحمەد مەولود

ئەبوبەکر سدیق سالح

خوێندکارانی بەشی ناوخۆیی زانکۆی سلێمانی

١٩٧٦/٣/٧

ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٧٦/٤/٢٢ زانکۆی سلێمانی

لە ڕاستەوە

١- ستار .... (کەرکوک/ کۆلیژی کارگێڕی)

٢- حسێن مەولود (سورداش / کۆلیژی ئاداب)

٣- محەمەد کەریم خەلیفە (سلێمانی / کۆلیژی ئاداب)

٤- عوسمان .... (کۆیە / کۆلیژی ئاداب)

٥- ....

ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕینەکەی شاری سلێمانی لە ئەمنی سلێمانی دۆزراوەتەوە
ئەو نوسینانەی لەسەر وێنەکان هەن لە ئەمنی ئەوسای ڕژێم لەسەری نوسراوە

لە ڕاستەوە

شەهید نهاد خەلیل

حسن مەولود

ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕینەکەی شاری سلێمانی لە ئەمنی سلێمانی دۆزراوەتەوە
ئەو نووسینانەی لەسەر وێنەکان هەن لە ئەمنی ئەوسای ڕژێم لەسەری نووسراوە

ساڵی ٢٢/مارتی/ ١٩٧٧

له ڕاستەوە

شەهید نهاد خەلیل

شەهید مەلا عەلی

ئەم وێنەیە لە ساڵی ١٩٩١ لە کاتی ڕاپەڕینەکەی شاری سلێمانی لە ئەمنی سلێمانی دۆزراوەتەوە
ئەو نوسینانەی لەسەر وێنەکان هەن لە ئەمنی ئەوسای ڕژێم لەسەری نوسراوە

حێن مەولودو هاورێکانی

ڕاوەستاوەکان لە چەپەوە

شەهید مەلا عەلی

له ڕاستەوه

شەهید مەلا عەلی

شەهید لەتیف

شەهید مەلا عەلی

لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەدا

ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە

١- مامۆستا جەعفەر ٢- پشکۆ ئاکام ٣- سەلاح چاوشین

٤- ...... ٥- ......

ڕیزی ناوەڕاست لە ڕاستەوە

١- ئازاد سەگرمە ٢- کاک نەوشیروان ٣- شەهید شێرکۆ جدی

٤- شەهید دڵشاد بەنگینە

ڕیزی پێشەوەلە ڕاستەوە

١- شەهید حەمە ڕەزا ٢- شەهید شەماڵی باخ ٣- هاوڕێ جەبار

٤- کەوکەز ٥- شەهید مەلا عەلی

له چەپەوە ریزی دواوە

شەهید مەلا عەلی

سەلاح چاوشین

هاوڕێ جەبار

ئازادی سەگرمە

شەهید مەلا عەلی / دێی کۆکە ١٩٧٦

له ڕاستەوە

شەهید حەمە ڕەزا قایکەنی

شەهید دڵشاد تۆفیق

شەهید مەلا عەلی

شەهید مەلا عەلی

پەراوێزەکان

١- برای زیندانی: برا دوانەکەی، ئەو کاتە ئەویش لە زینداندا بووە و ئاگادار نەبووە کە ئەم لە ژووری سێدارەیە.

٢- ئاسۆ: برازایەکی بووە بردویانە بۆ چاوپێکەوتنی.

٣- سارا: شاخێکە لە رۆژهەڵاتی دوکان.

٤- برزووت: شاخێکە بەرامبەر ماوە.

٥- زێوێ: گوندێکە لەقەدپاڵی (پیرەمەگرون).

٦- قۆپی: قۆپی قەرەداغە.

٧- تۆڵە: ساڵی ١٩٧٤ ڕێکخراوێکی کۆمەڵە بەو ناوە لە سورداش بوو، ئەو لێپرسراوی بووە.

٨- ژێلوان: ناوی شاخێکە لەقەزای دوکان و ئەو لیژنەی ئەو ناوچەیەش بووە.

٩- شوێنەکەم: ژوورەکانی زیندان.

١١- پێشڕەوێک: مەبەستی شەهید مامۆستا عەزیز بووە.

١٢- حوزەیران: مەبەستی لەیادی حوزەیرانی خوێناوی ١٩٤٧، ١٩٦٣.

١٣- چاوەڕوانی: ژووری خنکاندن لە موسڵ.

١٤- یادگار: وێنەو بەرهەمەکانی پێش گیران.

١٥- هۆنراوەی نۆهەم: وەسیەتی کردووە لەگەڵ وێنەکەیدا هەڵواسرێ.

١٦- سەیوان گردی سەیوانی شەهیدانە.

١٧- گێفار و ئەستێر دوو رووەکی کوێستانین.

١٨- هەوارگەکان: لە قەندیل و ناوچەکانی پشدەر و ئالان و سوێسنیانن.

١٩- هۆنراوەی پانزەهەم: وەڵام دانەوەی هۆنراوەیەکە، دوای نوسینی هۆنراوەی ترە.

٢٠- وەسوێنەو، گیرەو، بادینو، بێ مووش: چوار گوندی ناوچەی پشدەرن.

٢١- لبانە: گوندێکە لە بناری ئاسۆس بەدیوی پشدەردا.

٢٢- هۆنراوەی (١٥،١٤) لە چاپی یەکەم بڵاونەکراوەتەوە و لەدواتردا دۆزراوەتەوە.

سوپاسی تایبەتی ناوەندی ئەرشیفی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نشتیمانیی کوردستان

بۆ بەڕێزان

١-کاک عەبدولکەریم مەولود.

٢- خێزانی ئەحمەد مەولود (نازەنین حسێن ساڵح، ئاسۆ ئەحمەد مەولود، دیلان ئەحمەد مەولود).

٣- یەکێتی نوسەرانی کورد/ لقی سلێمانی.

٤- کاک عومەر غەریب.

٥- هەموو ئەو بەڕێزانەی هاوکارییان کردوین بۆ سەرلەنوێ کۆکردنەوەو لەچاپدانەوەی ئەم بەرهەمە.

پرۆژەی کتێب (٣)
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد
لقی سلێمانی